کرێکارانی جیهان یەکگرن

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٢٠٤ | نیوەی ئەووەڵی گوڵانی ١٣٨٤ _ مەی ٢٠٠٥

## ڕێکخراوی کرێکاری بە هێزی خۆمان پێك بێنین

### بانگەوازی کومیتەی هاو ئاهەنگی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوی کرێکاری

کرێکاران!

ئەمرۆکە یە کێك لە ئاشکراترین و سەرەتاییترین مافی حاشا هەڵنەگر و مسۆگەرو ناسراوی کرێکارانی جیهان، مافی پێك هێنانی هەر چەشنە ڕێکخراوێکی کرێکارییە. لە دنیای ئەمرودا کرێکاران ڕێکخراوی خۆیان بەبێ ئیجازەی دەوڵەتەکان پێك دێنن و دەولەتەکان بە پێی ستانداردە جیهانی یەکان،تەنیا ئەرکێك کە لە سەر شانیانە سەبت کردنی ئەم ڕێکخراوانەیە وئەگەر سەبتیش نەکرێن، ئەو ڕێکخراوەکرێکارییانە دەتوانن پێك بێن و خەرێکی چالاکی خۆیان بن.

## پێشڕەوی ئالترناتیوی کرێکاری و سۆسیالیستی لە گرەوی چیدایە؟

**وتاری ١ی ئەیار لە مەقەری ناوەندی کۆمەڵە لە کوردستانی عیراق لە لایەن هاوری سەلاحی مازوجی یەوە پێشکەش کرا. ئەوەی لیرەدا دەیخوێننەوە دەقی ئەو وتارەیە:**

میوانانی بەرێز، دۆستان و هاورێیانی خۆشەویست

پێشەکی وێرای سلاوێکی گەرم لەلایەن هاورێیانی کۆمیتە ناوندی کومەلە و هەموو هاورییانی تری پێشمەرگەی کۆمەڵەوە، بخێرهاتنتان دەکەم و زۆر سپاس تان دەکەین کە هاتوون و لەری ورەسمی ١ی مەی،رۆژی هاوپیشتی جیهانی چینی کرێکار بشداریتان کردوە .

لەو رۆژەدا کومەلانی چینیکرێکار، کۆمەلانی بێبەشی وچەوساوی بەژن و پیاوەوە ،لە هەر گوشەیەکی ئەو جیهانە کە هەن، بە پیی هەل ومەرجێکی سیاسی و کۆمەلایەتی کە تییدا دەژین، و بە پێی ئاستی هوشیاری سیاسی و رێکخراو بونیان دێنە ناو مەیدان وسەر شەقامی شارەکان و لەدژی زولم وزۆر وچەوسانەوە دەنگ هەلدەبرن، و هاودەنگ لەگەڵ هاوچارەنوسانیان هاواری عەدالەتخوازی بە گۆیی سەرمایەداران ودەولەتەکانیان دەگەیەنن.

لەو رۆژەدا کرێکاران سنووری نێوان نەژادەکان ونەتەوەکان، سنووری نێوان زمانەکان ومەزهەبەکان ورەنگەکان دەبزینن ولە بەرەیەکی چینایەتیدا کۆدەبنەوە و ئەو روژە ریزلی دەگرین ئەو رۆژەیان لێ پیرۆز بێ.

ئەو سالیش کریکاران لە ئیران لە هەل و مەرجێك دا ١یمەی جەژنی هاوپشتی چینایەتی خۆیان بەرێوە دەبەن کەهێرشی هەمەلایەنە وسەرەرۆیانەی چینی سەرمایەداری ئیران ورژیمی جمهوری ئیسلامی بۆ سەر هەل ومەرجی کار وبۆ سەر ژیان وبژیوی کریکاران وهەروا درێژەی هەیە .

بیکار کردنی بەردەوام کرێکاران لە ئاکامی پەرە پێدان بەسیاسەتی خسوسی سازی، ولە لایەکی دیکەوە پەرەسەندنی بستنی قەراردادی کاتی هیچ ئەمنیەتێکی شوغلی بۆ کریکاران نەهێشتۆتەوە. کەم کردنەوەی حەقدەست ودابەزینی ئاستی بەریچونی کریکاران، ژیانی بە میلیون بنەماڵەی کرێکاری بردۆتە ژێر هێڵی هەژاریوە، هێڵی هەژاری یەك کە تەنانەت رێگەنادات وەزەی لە دەست چوی لەشی کریکاریك لەکاری تاقەت پروکێنی رۆژانەدا، قەرەبو بێتەوە.

ئەگەر بە سەرجەمی ئەو بێمافیانە نەبوونی لانی کەمی خزمەتگوزاریە کۆمەلایەتییەکان ، خەفەقانی سیاسی و هێرشی جارناجاری هیزە سەرکوتگەرەکانی جمهوری ئیسلامی بۆسەر شوێنی کار و کوشتنی کریکارانی نارازیشی پی زیاد کەین، ئاشکراتر دەبی کە کریکار وەکو یەك ئینسان لە چ بارودوخیکی دژواردا دەژیت وچیها گیرو گرفتی کۆمەلایەتی بەری دەرگای پیگرتوە، منالە فەقیرو هەژارە کانیان چون دەژین، و ژیانی بنەمالەی کرێکاری چ ئەرك و بەرپرسایەتیکی قورس دەکەوێتە سەرشان .

سەرچاوەی هەموو ئەوە رۆژ رەشییەش قازاج پەرەستی سەرمایەداران و ئاکامی سیاسەتەکانی ئابووری نیئولیبرالیە. هیچ کام لە بالەکانی سەرمایەداری ئیران چ ئەوانەی کەدەسەلاتیان بەدەستەوەیە و چ ئەوانەش کە لە دەرەوەی دەسەلاتن بێجگە لە قول تر کردنەوەی ئەم کارەساتە هیچ بەرنامەیەکی تریان بۆ دەرباز کردنی کرێکاران و کۆمەلگای چارە رەشیانە نییە.

بۆ وێنە تا ئەو جێگایەی کە بە بەرنامە و ستراتیژی ئابووری ئۆپۆزیسیونی بۆرژوازی لیبرالی ئیران دەگەرێتەوە ئەوانە هیچ ئالتەرناتیویکی جیاواز لە ئالتەرناتیوی ئابووری جمهوری ئیسلامی کە لە دەورەی سەرۆك کۆماری هاشمی رەفسنجانی گەلالە کراوە، نیە. ئەوانە لە هەولێ ئەوەدان تا لە رێگای پەیوەندی لەگەل ئەو رەوتە جیهانییە یانی نئولیبرالیسم ئیقتیسادی کەئەمرو لەئارادایە و بەپشت بستن بە هیزی کاری هەرزان، هیزی کاریك کە جمهوری ئیسلامی هەراجی کردوە، بە

بردنە سەری سودئاوری سەرمایە بەسەر ئەو قەیرانە دا کە ئەمرو ئابووری ئیرانی دا گرتوە زالێ بن ، ئەو بەرنامە و ستراتژییە ئابوورییە و ئیسلاحاتی سیاسی گونجاو لەگەل ئەو بەرنامەیە نەتەنها هیچ پەیوەندیکی بەدابین کردنی ئازادییە دموکراتیکەکان نییە بەڵکو چەوسانەوەی کرێکاران توندوتیژتر دەکا، وکۆمەڵانیکی بەرین تر لە کرێکاران وخەلکی کەم داهات بەرە و هێلی هەژاری پال پێوە دەنی.



## ڕاپۆرتێك لە ری و ڕەسمی ئەووەڵی مانگی مەی لە شاری سەقز

شاری سەقز هەفتەیەك پێش رۆژی جیهانی کرێکار حاڵەتی نائاسایی بە خۆی دەگریت. هەڵسوراوانی کرێکاری لە هاتووچو دان. مەئمورەکانی نهێنی و ئاشکرای رژیم لە هەموو شوینێك ئامادەن وبە نێگەرانییەوە بارودوخەکە چاو لێ دەکەن. بانگەوازەکانی ئەووەلی مانگی مەی بلاو دەکرێتەوە و دەست بە دەست دەگەرێت. لە نێو بانگەوازەکان دا نێویك لە شوێنی رێ ورەسمەکە نایەت، کرێکاران پرسیاریان هەیە. مالی هەلسوراوانی کرێکاری ناسراو لە سەقز دەبێتە شوێنی هاتوو چووی خەڵك، دو رۆژی ئەووەلی مانگی مەی ئالای سور و درووشمەکانی یەکی مەی لە چوار رێکانی شاردا هەڵ دەکرین.مەئمورەکانی ئیتلاعات سەردانی مالی مەحمودی ساڵحی دەکەن.

رۆژی ١٠ی گولان فەرمانداری سەقز داوا لە مەحمودی ساڵحی دەکات تا لە ئیدارەی فەرمانداری دا ئامادە ببێت. لە فەرمانداری دا کۆبوونەوەیەك پێك دیت و فەرماندار، شارەدار و نوێنەری شووراکانی ئیسلامی کار وێرای رێزگرتن داوا لە مەحموودی ساڵحی دەکەن رێ ورسمێك دا کە لە سالۆنی "کاوە" بەرێوە دەچێت بەشداری بکات و وتارێك بخوێنێتەوە. ئەوان بەڵێن دەدەن کە ئەو بتوانێت لە ئازادی تەواودا و بێ هیچ کەندو کوسپێك قسەکانی بکات و بەرپرسانی شار تەنیا پیروزبایی رۆژی کرێکار بکەن و باقی رێ ورەسمەکە لە دەستی کرێکاران دا بێت.

مەحموودی ساڵحی داوا لە فەرماندار دەکات بەلینەکانی خۆی بکاتە نوسراوە وبە شیوەی رەسمی داوای لێ بکات کە بە شداری رێ ورەسمەکە ببێت تا ئەو بتوانیت بریار بدات. مەحمودی سالحی دوای هاتنە دەرەوە لە فەرمانداری،

هەڵسووراوانی کرێکاری ئاگادار دەکاتەوە و خۆازیاری بریار دانی گشتی دەبێت.

ل ٦

## ڕاپۆرتێك لە ری ورەسمی سەربەخۆی رۆژی جیهانی کرێکار لە سنە و بریارنامەی کۆتایی

رۆژی یەکشەممە ١١ی گوڵان هاوکات لەگەڵ ئەووەڵی مانگی مەی بە پێی راگەیاندنێك کە لە لایەن کومیتەی بەرێوەبەری رێ و رەسمی رۆژی جیهانی کرێکار کە لە نوینەرانی کرێکاران پێك هاتووە و بە ئاگاداری کرێکارانی کارخانەکانی سنە راگەێیندرابوو، رێ و رەسمی ریزگرتن لە یەکی مەی بەرێوە چووە.

ل ٧

## ڕاپۆرتێك سەبارەت بە بەرێوە چوونی رێ و رەسمی ئەوەلی مانگی مەی لە پەیکان شاری تاران

ل٢




## وتووێژی هاوڕێ سەلاحی مازوجی لەگەڵ گۆڤاری جیهانی ئیمروز سەبارەت بە "هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری" و ...

ل٣



## بەڕێوەچوونی ری و ڕەسمی ئەووەڵی مانگی مەی لە ئۆردوگای ناوەندی کۆمەڵە

کاتژمیر ٤ی دوانیوەرۆی رۆژی شەممە ١٠ی گولان رێ و رەسمێکی بەشکۆ بۆ رێزگرتن لە یەکی مەی رۆژی جیهانی چینی کرێکار بە بەشداری سەدان کەسە لە دۆستان و لایەنگرانی کۆمەڵە لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان وهەروەها بە ئامادە بوونی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ئۆردوگای ناوەندی کۆمەڵە بەرێوە چوو.

ل ٦

پێشڕەو

ئۆپۆزسیونی بورژوازی لیبرالی ئیران واتە کۆماری خوازەانی لائیك دەیانهەوی لە ریگای ئیسلاحی هەنگاو بە هەنگاو و بەشێنەیی رژیمی جمهوری ئیسلامی، پەلاتفورمی سیاسی خۆیان بە کردەوە دەربینن، ئەوانە هەر چەشنە خەباتیکی جەماوەری بۆ روخانی جمهوری ئیسلامی ئیدانەدەکەن و خوازیاری ئیسلاحی جمهوری ئیسلامی لەرێگای ئاشتیخوازانەن. ئەوانە لە حالیك دا کە هیچ یەك لە پیش مەرجەکانی هەلبژاردنێکی ئازاد و دموکراتیك وجوودی نیە لو وەهمە دا بەسەردەبن کە جمهوری ئیسلامی لە ئەنجامی ریفراندومیك دا جیگای خوی بدا بە کوماری خوازانی لائیك ئەوانە ئەو تەوەهومە لە ناو خەلك دا پەرە پیدەدەن کە جمهوری ئیسلامی لەوانەیە لە پیناو وەلام دانەوە بە داخوازییەکانی خلك ئال وگوری بەسەردابی . بەرە بەرە لە توندوتیژی یاسا ئیسلامییەکانی کەم بیتەوە و بەرەو جمهوری یەکی تەواو عەیار بچیتە پیش .

روون وئاشکرایە کە شوعاری ئازادی سیاسی، ئازادی بیرو و باوەر وچاپەمەنی وەدی هینانی کومەڵگای مەدنی بە ستراتژی ئیسلاحی جمهوری ئیسلامی وریگایەك کەئەوان گرتویانتەپیش بدی نایا.

بەلام لە بەرانبەر ئالترناتیوی بورژوالیبرالەکان، ئالترناتیوی کریکاری سوسیالیستی قەراری گرتوە کە لە روانگەی قازانج و بەرژەوەندی ئەمرو و دواروژی چینی کریکارەوە لەگەل کیشە سیاسییەکان هەلس وکەوت دەکا. ئەم ئالترناتیو و ریگا چارەیە لە ناو جەرگەی کیشمە کیشیکی چینایەتی و کومەلایەتیدا شکلی گرتوە و هاتوەتەپیش، و پەروەندەی دەسەلاتی سیاسی لەئاستی کومەلگادا کردوتەوە.

ئەوەی کەلە ناو دەڵی ئەم کێشمەکێشە کومەلایەتییەدا کام ئالترناتیو کاو بەدیل دەتوانی دەسەلاتی سیاسی بەدەستەوە گرێ، ریك لە گرەوی ئەوەدایە کە کام لەو دوو ئالترناتیوە ، ئالترناتیوی کارگری وسوسیالیستی و یان ئالترناتیوی بورژوالیبرالەکان دەتوانن هێژمونی خویان بەسەر بزوتنەوە کومەلایەتییەکانی وەك: بزوتنەوە کریکاری ، بزوتنەوەی ژنان ، بزوتنەوەی شورشگیرانەی کوردستان وبزوتنەوەی لاوان دا زال بکەن.

هەنگاوی یەکەم بو بەهیزکردنی ئالترناتیوی کریکاری و سوسیالیستی، هەول وتیکوشانە بو پیك هینانی ریکخراوە چینایەتی و جەماوەرییەکانی کریکاران. ئەمروکە دوای یەك دورە پەرە سەندنی خەباتی کریکاران بو گەیشتن بە داخوازییەکانیان، وهاتنە روی کومەلیك لە هەلسوراوانی ئەم بزوتنەوەیە کەلە ئاستیکی بەرین ناسراون، زەمینەیەکی زور لە بار بۆ پێك هینانی ئەم ریکخراوانە رەخساوە. لیرەدایە کەهەلسوراوانی رادیکال وسوسیالیستی ناو بزوتنەوەی کریکاری ئەرکیکە زور گرینگ یان دەکەویتە سەرشان. ئەوان دەبی هاوکات لەگەل ئەوە کەهەموو مەیدانەکانی خەباتی کریکاران بو باش کردنی هەل و مەرجی کارو ژیانیان بەشداری دەکەن ،بەلام دەبی قورسایی هیزیان بخەنە سەر پیك هینانی ریکخراوە جەماوەرییە کریکارییەکان .ولەم بوارە دا بەپیچەوانەی مەیلی ریفۆرمیستی ناو بزوتنەوەی کریکاری کە کریکاران چاوەروانی ئەوەدا رادەگرن کە ئاخو کەی وەزارەتی کاری جمهوری ئیسلامی، ئیجازەی پیك هینانی ئەو ریکخراوانەیان پی دەدا، دەبی بەکرکاران نیشان بدەن کە بە هاوئاهەنگی نێوان هەلسوراوانی وپیشروانی کریکاری وبەشداری هەرچی زیاتری کریکاران لەم پروسەیەدا دەکری ریکخراوە جەماوەرییەکان کریکاران پیك بهینین.

ئەم روژانە فەعالیەت و هەڵسورانی پیشڕەوانی رادیکال و سوسیالیستی ناو بزوتنەوەی کریکاری بۆ پێك هێنانی ئەم رێکخراوانە بە شیوەی ئاشکرا دەستی پێی کردوە ئێمە هەر لیرەوە هەموو کرێکاران بانگەواز دەکەین کە ئەو هەوڵ و تیکوشانە بە هەول و تیکوشانی خۆیان بزانن، بە پیشوازی بچن و پشتیوانی لێ بکەن.

سەبارەت بە بزوتنەوەی ژنانیش، رێ ورەسمەکانی ٨ی‌مارسی ئەمسال، لەشاری تاران وسنە وزوریك لەشارەکانی ئیران نیشانی دا کەبزوتنەوەی ژنان لە رەوتی پیشرەوی خوی هەردێتو زیاتر خوی ریك دەخا. ئەو مەراسمانەی کە لەشاری سنە وزور شارەکانی تر بەریوە چوون بەبی ئاستیکی بەرچاو لە ریکخراو بوون ئیمکانی نیە.

هەلسوراوانی مەیلی سوسیالستی لە ناو بزوتنەوەی ژنانیش حوزوریان هەیە.بەهوی مەوقیعی یەتێك کەژنان لەژیر دەسەلاتی جمهوری ئیسلامی هەیانە لە وانەیە لیبرالیزمی ناو بزوتنەوەی ژنان لە هەندیك بوراران دا لەگەل مەیلی سوسیالیستی ناو ئەو بزوتنەوەیە هاو جەهەتیان هەبێ . بەلام لیرەش دا میلی سوسیالستی ناو بزوتنەوەیە دەتوانی بەجەماوەری ژنان وبەتایبەت ژنانی کریکار نیشان دا کەئەوە خەبات لە ژیر تیشکی ئاسویەکی سوسیالیستی یە کەدەتوانی بەژیر دەستەیی ژنان کوتایی بهینێ.

بەرابەری تەواو کەمالی ژن و پیاو لە کارکردن دا و دابین کردنی پیویستییەکانی گەشەی کومەلایەتی ژنان خەرجی هەیە و ئەو خەرجەش بە بی شکاندنی حەریمی پیرۆزی سەرمایە و بی دەست بردن بۆ ئەو بەشە لە بەرهەمی کاری کرێکاران کە دەچیتە کیسەی سەرمایەدارانەوە دابین نابی. لیرە دایە کە جیاوازی ئێمە لەگەڵ بورژوالیبرالەکان دەردەکەوە. ئەوان دەڵێن مالیکیتی خسوسی موقەدەسە، سەرمایەداری نابی دەستی بو بەری، کە وایە قسەکردنی ئەوان لە ماف بەرانبەری ژن و پیاو پوچ و بێ ناوەرۆکە.

سەبارەت بە دانەدانەی بەندەکانی پلاتفورمی ئوپوزیسونی بورژوازی لیبرالی ئیران و کوماری خوازەکان هەر ئەم ناکوکی وتەناقوزە دەبینین.ئەوانیش باسی ئازادی سیاسی، ئازادی دەربڕینی بیرو باوەر وچاپەمنی دەکەن، بەلام لە کۆمەڵگایەك دا کەهەموومیکاناتی چاپەمەنی، رادیو و تەلەفیزیون لە دەست چینی دەسەلاتدار دایە، بو کرێکاریك کە بیکار بی، لەو حالەدا فکری دابین کردنی بژیوی ژن و منالەکەی مەجالی بیرکردنەوە لەسیاسەتی پی‌نادا، ئەگەر کاریش بکا ماوەی کارکردنەکەی هیندە دور و دریژە کە هیچ مەودایەکی بۆ هەلسورانی سیاسی بو نامینیتەوە، جا ئەگەر وایە بۆبەشیکی زور لە کومەلگا ئازادی سیاسی وچاپەمەنی هیچ مانایەکی نابێ. ئەوانیش دەلێن سەفەرکردن ئازادە ، بەلام لە کومەلگایەك دا کە بەپێی ئامارە رەسمییەکان زیاتر لە٥٠لەسەدی خەلك لە ژیر خەتی فەقر " هێلی هەژاری" دا ژیان دەبەنە سەر ئازادی سەفەر کردن یانی چی؟ بوسەفەرکردن لە پێش دا دەبی زگی تیر وژیانی ئاسودەت هەبی.

تەواوی قسەکە ئەوەیە کە بەهرەمەند بوون لەو ئازادی یانە بە بە دابین کردنی ریفاهی ئابووری ، ودابین کردنی ئەمنیەتی ئابووری بۆئینسانەکان ئیمکانی نیە. دابین کردنی ئەمنیەتی ئابووری بە هیرش کردنە سەر بنەماکانی نیزامی سەرمایەداری ولە هەنگاوەکانی یەکەم دا بە بی زەوت کردنی بەشیك لە سود وقازانجی سەرمایەداران ئیمکانی نیە. هیچ کام لەوانە سوسیالیزم نییە، بەلام خەبات کردن و هێرش بردنە سەر بنەماکانی سەرمایەداری ئەم ریگایەیە کە سوسیالیزم پیی‌دا دەرواتە پیش.

سەبارەت بە بزوتنەوەی کوردستانیش ، ئیمە دەبی نیشانی بدەین کەئەوە سیاسەت و ریبازیکی سوسیالیستییە، ئەوە سیاسەت ورێبازی کۆمەڵەیە کە بزوتنەوەی کوردستان بەسەر کەوتن دەگەیەنێ. ریبازی سوسیالیستیش هیچ شتیك نییە جگە لە پشت بستن بە دینامیزی خەباتی چینایەتی لە کوردستان .

بزوتنەوەی کوردستان بەپشت بستن بە هیزی بزوتنەوەی کریکاری لە کوردستان بە پشت بستن بەهیزی بزوتنەوەی ژنان ، بەپشت بستن بەهیزی بزوتنەوەی لاوان ، بە پشت بستن بەخەباتی ئەو هیزە بو باش کردنی هەل ومەرجی ژیانی منالان تی دەکوشی ، ئەو حەرکەت و بزوتنەوانە کە بو بەرانبەرکی لەگەڵ سیاسەتەکانی جمهوری ئیسلامی لە ئارادان دەتوانی بە سەرکوتن بگا. بزوتنەوەی کرێکاری لە کوردستان مەوجودیەتیکی عینی‌یە، و ئەمرو لەحالی ئەوەدایە خۆی لە پرژو بلاوی دەربینێ و لە ریکخراوە جەماوەریکانی دا خۆی ریك خا، بزوتنەوەی ژنان بزوتنەوەیەکی حاشا هەلنەگەرە و هەر دیێ و زیاتر خۆی ریك دەخا و سازمان دەدا.

کۆمەڵە وەك رەوتیکی کۆمۆنیستی، بەشێکە لەو بزوتنەوانە، وڵامی هەیە بۆ نیاز و پیویستییەکان ئەم بزوتنەوانە. ئەو بزوتنەوانە لە درێژەی تەکامول و پیشرەوی خۆیان دا، لیك هەل دەپیکرین و تەنگ بە رژیمی جمهوری ئیسلامی هەلدەچنن. و هەل ومەرجیك فەراهەم دەکەن کە خەڵکی کوردستان ئازادانە بێ ئەویکە هیچ چەشنە فشاریك لە سەر خۆیان هەست پێ بکەن لە سەر چارەنووسی خۆیان بریار بدەن.

حەرەکەت و مەیلی لیبرالی لە کوردستان وەك بە شیك لە بزوتنەوەی لیبرالی بورژوازیی ئیران هەر ئەم جورەی کە پێشتر باسم کرد هیچ وەلامیکی گونجاوی نیە بۆ ئەم بزوتنەوانە. داخوازیەکانی بزوتنەوەی کریکاری، داخوازییەکانی بزوتنەوەی ژنان، داخوازییەکانی بزوتنەوەی لاوان، لە چوارچیوە رژیمێکی ئیسلامی ئیسلاح کراو وەلام وەرناگریتەوە ستراتژی لیبرالەکانی کوردستان هەر وەك بزوتنەوەی لیبرالی لە ئاستی سەراسەری ئیران دا مانەوەی جمهوری ئیسلامی و ئیسلاحی ئەو رژیمەیە، هەر بویە داخوازییەکانی خەلکی کوردستانیش تا ئاستی چەند داخوازی فەرهەنگی دادشکێنن.

لە لایەکی ترەوە بە پێچەوانەی ئەو هێزانە لە کوردستانی ئیران کە هیوایان بستوە بە دەخالەت و هیرشی نیزامی ئامریکا بوسەر ئیران تا لەو ریگایەوە لە دەسەلاتی سیاسی نزیك بنەوە، ئێمە موخالفی دەخالەت و هیرشی نیزامی ئامریکاین. هیرشی ئامریکا بوسەر ئیران لە وانەیە جمهوری ئیسلامی ٢سال زوتر بروخێنی، بەلام رەوتی رولە گەشەی خەبات و ئیعترازی کومەلانی خەلك، رەوتی رولە گەشەی بزوتنەوە کومەلایەتی یەکان کە هەر دبێ زیاتر خۆیان ریك دەخن و ئیمکانی ئەوە دەخولقینن کە لە هەر ئال وگوریکی سیاسی دا لە دەسەلات نزیك بنەوە، بو ٢ دەە و دوا دەخا بۆ، ئەگەر ئامریکا هیرش بکاتە سەر ئیران، خەڵکی ئیران و کوردستان بو ٢٠سالی تریش ناتوانن ئاکامی زیانباری ئەم هێرشە قەربووکەنەوە.

جیاواز لەوانە ستراتژی ئەو هیزانەی کە بو گەیشتن بە ئامانجەکانیان پشتیان بە دەخالەتی ئامریکا بستووە نیشانەی دابرانی ئەوانە لە بزوتنەوە کومەلاێیەتیەکان و توشی شکست دێ.

چونکە بە پیچەوانەی ئەو بوچونە هەلەی کە زوریك لە هیزەکانی ئوپۆزسیونی ئیران کە پییان وابوو بە دوای ١١سیپتامبر بە رژەوەندی ئەمپریالیستی ئامریکا لەگەڵ ئیسلامی سیاسی دژایەتی هەیە. ئێمە شاهیدی هاوجهەتی هیزو بزوتنەوەی ئیسلامییەکان بوین لەگەڵ ستراتژی ئامریکا لە ناوچەکەدا. ئامریکا لە سودان، ئەفغانستان، تورکی‌یە و لە عیراقیش لەگەڵ رەوتە ئیسلامییەکان سازاوە و بە پشت بستن بەو هیزانە بەرژەوەندی‌یە ستراتژیکیەکانی خۆی دەباتە پیش. جمهوری ئیسلامی ئیرانیش ئامادەیە تا خۆی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئامریکا ریك خا. هەربویە ئەگەری هیرشی ئامریکا بو سەر ئیران لە هەموو کاتیکی تر لاوازترە. جەماوەری خەڵکی ئیران نابێ بو روخانی رژیمی جمهوری ئیسلامی چاوەروانی هیرشی ئامریکا بن. دەبێ خەباتی خۆیان ریك بخەن و پەرەی پی بدەن. ئەوە نزیك ترین ریگای روخانی رژیمی جمهوری ئیسلامی‌یە.

ئیتر لیرەدا قسەکانم کۆتایی پێ دێنم، هەرشاد وسەر کوتوو بن.

## راپۆرتێك سەبارەت بە بەڕێوە چوونی ڕێ و ڕەسمی ئەووەڵی مانگی مەی لە پەیکان شەهری تاران

رۆژی یەکشەممە ١١ی گولان رۆژی جیهانی کرێکار بەپێ داوای کومیتەی بێکارانی تاران و دەور و بەر لە شارەکی پەیکان شەهر رێ ورەسمێك بە بەشداری ژمارەیەك لە کرێکارانی بێکار و لە سەر کار دەرکراو و ژمارەیەك لە کرێکارانی لە سەر کار بەرێوە چوو.

لەم رێ و رەسمەدا سەرەتا بەرێوەبەری بەرنامەکان دوابەدوای راگەیاندنی ریزی بەرنامەکان دەست خۆشی و بەخێرهاتنی لە بەشدار بووانی ئەم رێ ورەسمە کرد. سەرەتا ژمارەیەکی زۆر لەو سالۆنەدا نەبوون، بەلام وردە وردە ژمارەی بەشدار بووان زۆر زیادی کرد. دوای راگەیاندنی ریزی بەرنامەکان شانۆنامەی "عەباس ئاغا" لە لایەن ژمارەیەك لە کرێکارانەوە بەرێوە چووە کە لە نێوان شانۆنامەکەدا بەشدار بووان بە هاورێیەتی یەکێك لە کرێکارانی هونەرمەند شێعری "عومرێك لە کار" یان خۆێندەوە کە کەش و هەوایەکی تایبەتی بەم رێ و رەسمەدا.

دوابەدوای تەواو بوونی ئەم شانویە، وتەبێژی کومیتەی بێکاران وێرای پیرۆزبایی بە بۆنەی ئەم رۆژە گەورەیە، پشتیوانی کۆمیتەی بێکارانی لە کۆمیتەی "هاوئاهەنگی بۆ پێك هێنانی رێکخراوی سەر بەخۆی کرێکاری" راگەیاندو و پاشان یەکێك لە بێکاران لە بابەتێك دا گیر و گرفتی کرێکارانی بێکار لە سەرەتایی ترین خواستەکانی ئینسانی خستەڕوو و رایگەیاند: لە ولاتی ئێمە لە حالێکدا کە کەسانێکی زۆر لە دابین کردنی نانی ویشك بۆ مندالەکانیان عاجزن، ئاغازادەکان بۆ پشووی خۆیان و کچە دوستەکانیان کەشتی سەیاحەتی یەك میلیاردی دەکرن. مودیرانێك هەن کە تەنیا هەزینەی دێکۆڕاسیۆنی دەفتەرەکەیان لە حەقدەستی تەواوی کرێکارانی یەك کارخانە زیاترە.

لەم رێ ورەسمەدا ژمارەیەك پلاکارد کە خۆاستەکانی کرێکارانی نیشان دەدا بە دیوارەکانەوە هەڵواسرابوون. لە سەر پلاکاردەکان نووسرابوو:"کار، خانو، ئازادی"، "کار مافی ئاسایی وسەرەتایی ترین خواستی ئینسانەکانە" و لە سەر هێندێکی تر لە پلاکاردەکان دروشم گەلێك بۆ هەڵوەشانەوەی قەراردادی کاتی وەبەر چاو دەکەوت.

## راپۆرتی رێ ورەسمی سەر بە خۆی رۆژی جیهانی کرێکار لە سینما فێردۆوسی تاران

رۆژی یەکشەممە١١ گولان کۆبونەوەیەکی گەورە و پڕ شکۆی بە بۆنەی رۆژی ئەوەلی مانگی مەی لە سینەما فیٍردۆوسی هەڵکەوتوو لە شەقامی ئینقلابی تاران بەرێوە چووە.

ئەم رێ ورەسمە کە لەلایەن "کومیتەی بەدوادا چونەوەی پێك هێنانی رێکخراوی ئازادی کرێکاری" رێکخرابوو، بە سرودی ئەنترناسیونال و دقیقەیەك بێ دەنگی بۆ ریزگرتن لە یادی گیانبەخت کردووانی ریبازی ئازادی و سۆسیالیزم دەستی پێ کرد. لە درێژەی رێ و رەسمەکەدا، چەند وتارێك پێشکەش کرا و سیاسەتەکانی ئێستای دەوڵەت بۆ وێنە دانی حەقدەستەکان و قەراردادی کاتی و کەمتەرخەمی لە مەڕ داواکاری و بارودۆخی بەرێوە چونی ژیانی کریکارانیان مەحکوم کرد و خۆازیاری خۆریکخستنی هەرچی زیاتری چینی کرێکار بۆ گەیشتن بە داخوازییەکانیان بوون. بوونی پلاکارد گەلێك کە لە سەریان نوسرابوو "ئازادی مافی مانگرتن، بردنە سەرەوەی حەقدەستەکان، هەڵوەشاندنەوەی قەرادادی کاتی و دروشمی تر" هۆکاریکی تری سەلماندنی ئەم راستیە بوو کە ئەم رێ رەسمە تەنیا ریز لێ گرتن و جیژنیك نەبوو بەڵکوو کۆبونەوە و حەرکەتێك بوو کە لە پێناو دەربرینی جارێکی تری داواکاری و خواستە رەواکانی چینی کرێکار وەڕێ کەوتبوو. لە پال ئەم رێ و رەسمەدا پیشانگایەکی وێنە بە مەبەستی لە قاودانی جەنایەکە شارەوەکانی نیزامی سەرمایەداری بەرێوە چوو. لە خالەکانی جێگای سەرنجی ئەو وتانەی کە لەم رێ و رەسمەدا پێشکەش کراوە دەتوانین ئاماژە بە لێکولێنەوەی بارودۆخی مندالانی کار، پشتیوانی لە مافە پێشێل کراوەکانی توێژی پەرەستار و موعەلیمان بکەیەن. لە نێوان رێ ورەسمەکەدا گروپی موسیقی چەند ئاهەنگێکیان پێشکەش کرد و دواتر بریارنامەی کۆمیتەی بەدواداچونی رێکخراوی ئازادی کرێکاری سەبارەت بە ئەووەڵی مانگی مەی خوێندراوە و بەرنامەکان بە خوێندنەوەی دوبارەی سرودی ئەنترناسیونال سرودی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار بە زمانی فارسی و خوێندوەی لە لایەن بەشدار بووانەوە کۆتایی پێ‌هات.

***

# وتووێژی هاوڕێ سەلاحی مازوجی لەگەڵ گوڤاری جیهانی ئیمروز سەبارەت بە "هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری" و...

**پرسیار: لە مانگی جۆزەردان دا هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری لە ئێران بەڕێوە دەچێت و تا ئێستا پاڵێوراوانی قەتعی ئەم پۆستە رانەگەیێندراون، وا ویدەچێ کە رژیم بۆ خۆی بۆ بازاڕ گەرمی ئەم هەڵبژاردنە ریگابە بڵاوبونەوەی دەنگۆیی جۆراوجۆر لەم بوارەدا دەدات. ئیسلاح خوازانیش بە شێوەی راستەوخۆ وناراستەوخۆ خۆیان بە تەرحی مەرجەکانیان خەریک کردووە. ئێوە گرینگی سیاسی ئەم هەڵبژاردنە چۆن لێک دەدەنەوە؟**

وڵام: هەروەک خۆشتان ئاماژەتان پیدا، تا ئێستا لیستی پاڵێوراوانی ئەم پۆستە لە نوهەمین دەورەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری بە قەتعی رانەگەیێەندراوە و هیچ کام لەو کەسانەش کە تا ئێستا لە لایەن بەرەی موحافزەکارەوە ناسێندراون، یان خۆیان بۆ ئەو پۆستە پاڵاوتووە و هەرکامەیان لە گرتنەبەری ئەشکەنجە و کوشتارو بێ ماڤی لە دژی خەڵک دەورونەقشی بەرچاویان هەبووە، هێشتا لە لایەن خامەنەئییەوە تەئید نەکراون تا ئێستاش دەنگۆ سەبارەت بە هاتنە مەیدان یان ناساندنی پاڵێوراوانیتر بە مەبەستی وەدەست هێنانی ئەم پۆستە زۆرە، بە شێک لەو هەل ومەرج و هەوڵانەی کە لە ئارادان دەکرێ وەک بازاڕ گەرمی بۆ هەڵبژاردن بێنە ئەژمار، بە لام راستییەکەی ئەوەیە کە بەرەی موحافزەکار لە ناساندنی پاڵێوراوانی جێگای سەرنجی خۆی لەگەڵ قەیران بەرەوڕوویە. بۆ خامەنەیی دژوارە کە لە نێۆ ئەم کاندیدایانەی کەهەن و مۆرەی مەترەحن یەکێکیان وەک پاڵێوراوی سەرەکی باڵی موحافزەکار دەست نیشان بکات، دژواری ئەوکارە سەرچاوە گرتو لەو ریزبەستنە جیناحییانەیە کە لە نێو خۆیی باڵی موحافزەکاردا پێک هاتوە بۆ وێنە ماوەیەک لەمەوبەر " شورای هاوئاهەنگی هێزە شۆرشگێرەکان" بە بێ بەشداری ئابادگەران و ئیسارگەران، لاریجانی کە پەروەندەی فەسادی ماڵی ٥٢٥میلیارد دۆلارییەکەی لە سەداوسیمادا چەند مانگ لەمەوبەر بە سترا، وەک پاڵێوراوی سەرۆک کۆماری ناساندوە، لە حالێکدا کە ئابادگەران و ئیسارگەران حەدادی عادل بۆ بەدەستەوگرتنی ئەو پوستە بەشیاوتر دەزانن. لە لایەکیترەوە هاشمی رەفسەنجانی هەروەک بۆ خۆی دەڵێ هەرچی یەک کە لە هەڵبژاردنەکان نزیک تردەبێتەوە هەست دەکات، بەر پرسیارییەتەکەی قورسترلەوەیە کە خۆی بداتە لاوە، هەر بۆیە خەریکی بازار گەرمی بۆخۆیەتی.

ئەم جیاوازی بۆچوونانە سەبارەت بە موعەرەڤ کاندیدی سەرۆک کۆماری، دڵەراوکێ و ساخ نەبوونەوەی خامەنەیی بۆ دباری کردنی یەکێک لەو پالێوراوانە، سەر چاوە گرتو لە بونی قەیران و سەرلێشیواوەییەکە کە باڵی موحافزەکاری دا گرتووە. باڵی موحافزەکار لە نێو بینەو بەرەی کێشە نێوخۆییەکان لە حالێکدا کە دیهەوێ بە تەواویەتی دەست بە سەر هێزی بەڕێوە بەرایەتی دا بگرێ، دەیهەوی پێناسەیەکی نوێ لە خۆی بکات. لەگەڵ شکستی باڵی ئیسلاح خواز، باڵی موحافزەکار بەرەو ئەوە دەڕوات تاکو زیاتر لە هەر کاتێکی تر خۆی لەگەڵ پێویستییەکانی بۆرژوازی ئێران رێک بخات و هەرلەم بوارەش دا دەبێ قەیرانی دیپلۆماسی ئەتۆمی، گرفتی ئاسایی کردنی پەیوەندی لەگەڵ ئامریکا و گوشاری دەوڵەتە ئوروپایی یەکان کە لە هەڵویست گرتنیان لە ئاست رژیمی ئیسلامی هەڵوێستەکانیان لە هەلوێستەکانی ئامریکا نزیک کردۆتەوە چارەسەریکەن و لە هەمان حاڵ دا بە پێک هێنانی یەک پارچەیی و هاوئاهەنگی لە نێو ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی حکومەتی، لە بورای سیاسەت داڕشتن دا لە بورای ناو خۆیی دا و چ لە بواری پەیوەندی یەکانی نێونەتەوەییدا سیمایەکی بە سوبات تر لە خۆی نیشان بدات. جیاوازی بیروڕا سەبارەت بە چۆنیەتی بەرەو پێش بردنی ئەو رەوتانە ناوەڕۆکی ریزەبەستنە نێو خۆییەکانی باڵی موحافزەکار دەردەخات. ئێستاباڵی موحافزەکار وشەخسی رێبەر لە بەردەم ئەو پرسیارەدان کە کام یەک لەو کاندیدایانەی کە تا ئێستا ناسێندراو کەوتونەتە هەل و مەرجێکی شیاوترەو بۆ تەعقیبی ئەم ستراتیژیە باڵی موحافزەکار پێویستی بە سەرۆک کۆمار هەیە بۆ ئەوەی کە بتوانێ جۆش دانی سیاسەت و کردەوەکانی تا ئێستای باڵی موحافزەکار لەگەڵ ئەو ستراتێژەی کە گرتویانەتە بەر نیشان بدات، لەبەر ئەوەیکە بتوانێ لەگەڵ ئاکامەکانی سیاسەتە ئابوریە نیئولیبراڵی یەکانی کە بە میلیون بنەماڵەی توشی رۆژ رەشی کردووە بەرامبەرکێ بکات. لەم رووەوەیە کە ئەم رۆژانە هاشمی رەفسەنجانی کە بونیادنەری ستراتیژی نیئولیبرالی و دارێژەری بەرنامەکانی تەعدیلی ئابوری بیکار کردنە جەماوەرییەکانە و هۆکاری پەرەسەندنی خسوسی سازی لە بواری بێهداشت و فێرکردن و بارهێنانی پەرەپێدا و هەروەها بوو لە کوشتنی نەیارانی سیاسی و رێکخستنی قەتڵە زنجیرەییەکان نێوبانگی دەرکردووە، ئارام و لەسەرەخۆ پێدەنێتە گۆرەپانی هەڵبژاردنەکان، سەرەرای هەموی ئەوانە پڕاگماتیزمی رەفسەنجانی تا ئێستا ئیجازەی ئەوەی نەداوە تا پاڵێوراوییەتی خۆی بەڕەسمی راگەیێنێ، چونکە دەزانێ بۆ بەدەستەوەگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری پێویستی بە تەئیدی وەلی فەقی هەیە.

باڵی موحافزە کار پێویستی بە سەرۆک کۆماریك هەیە بۆ ئەوەی کە بتوانێ جۆش دانی سیاسەت و کردەوەکانی تا ئێستای باڵی موحافزەکار لەگەڵ ئەو ستراتێژەی کە گرتویانەتە بەر نیشان بدات، لە بەر ئەوەیکە بتوانێ لەگەڵ ئاکامەکانی سیاسەتە ئابوریە نیئولیبراڵی یەکانی کە بە میلیون بنەماڵەی توشی رۆژ رەشی کردووە بەرامبەرکێ بکات

بەڵام ئەگەر پڕاگماتیزمی رەفسەنجانی، قبول کردنی ئەوی لای ریبەر لەگەڵ گرفت روبەرو دەکات، لە لایەکی ترەوە هەر ئەم پراگماتیزمەیە کە ئەوی لای دەوڵەتانی رۆژئاوا بو سازان لەگەڵ ئامریکا و چارەسەری قەیرانی هەستەیی، کردۆتە سیمایەک و لایەنگری ژمارەیەک لە ئیسلاح خوازانیشی بەرو لای خۆی راکێشاوە.

ئەوەی کە ئاشکرایە ئەوەیە کە جەماوەری خەڵک لەو هەڵبژاردنەدا بەشداری ناکەن. جەماوەری خەڵک بە نەچونیان بۆ پای سەندوقەکانی دەنگ بۆ جارێکی تریش کۆماری ئیسلامی سوک دەکەن، لەم لایەنەوە چارەنوسی ئەم هەڵبژاردنە باشتر لە چارەنوسی هەڵبژاردنی شورا ئیسلامی‌یەکانی شار و دێ و مەجلیسی حەوتەم نابێ.

بە هۆی ئەوەی کە باڵی موحافزەکار ناتوانی مەشروعیەت بە نیزامی ئیسلامی‌یەکەی بە بەسیج کردنی خەڵک لە رۆژی هەڵبژاردنەکان نیشان بدات، ئەو نامەشروعییەتەی بەناساندنی پاڵێوراوی جێگای سەرنجی دەوڵەتانی رۆژ ئاوا قەرەبوو دەکاتەوە.

**پرسیار: لەم دواییانەدا دەوڵەتی ئامریکا رایگەیاند کە جۆری زەخت و گۆشارەکانی خۆی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی دەگۆرێ لەوەبەدوا هەوڵ دەدات بە هاندانی ئیران بۆ کار کردن لە بواری ئابورییەوە ئێران ناچار بکات کە لە پروژەکانی خۆیی بۆ بەرهەم هێنانی چەکی ئەتۆمی دەست هەلگرێ رای ئێوە لەم پەیوەندی‌یەدا چی‌یە؟**

وەڵام: بەر لە هەر شتێک دەبێ ئەوە بڵێم کە زەخت و هەڕەشەکانی ئامریکا لە دژی رژیمی ئیسلامی ئیران، لە ئابلۆقەی ئابورییەکانیەوە بگرە تاکو ناوزەدکردنی ئێران بە "میحوەری شەڕاەرت" و چ ئەوکات کە بەیارمەتی ئیسرائیل بەوتنی هێرشی سەربازی بۆ سەر ناوەندە ئەترمی‌یەکانی ئێران یەک لایەنە شەڕێکی رەوانی لە دژی ئێران وەڕێ خست، هەمووی ئەوانە بەو مەبەستە بوون کە کۆماری ئیسلامی بۆ هاوسەنگ کردنی هەرچی زیاتر لەگەڵ پەرژەوەندی‌یە ئەمپریالیستی یەکانی ئامریکا تەعدیل بدەن.

هەڕەشەی نیزامی و وەڕێ خستنی شەڕێکی تەواوعەیار لە دژی ئێران هیچ کات مەسەلەیەکی جیددی نەبووە ولە بارودۆخی ئێستادا کە ئامریکا لە زۆنگاوی شەڕی عێراق دا گیری کردووە، کەمتر لە هەرکاتێکی تر جێگای شک نییە کە پێداگری کۆماری ئیسلامی لە سەر بەردەوام بونی پڕۆژەی پیتاندنی ئۆرانییۆم و سازکردنی سوختی ئەتۆمی، دەخاڵەت کردنی لە عیراق دا، گیرەشێوێنی یەکانی لە پرۆسەی ئاشتی عەرەبکان و ئیسرائیل، لەگەڵ بەرژەوندی‌یەکانی ئامریکا لە دژایەتی دایە، بەلام رەوتی روداوەکان لە مێژە کۆشکی سپی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە دەستەمۆ کردنی کۆماری ئیسلامی و تەعدیل کردنی سیاسەتەکانی، بە بێ پشت بەستن بە سیاسەتی هەڕەشەو گوڕەشە کردنیش ئیمکانی هەیە.

ئەگەر لە رابردوودا کۆماری ئیسلامی بە کەڵک وەرگرتن لە کە لێنی نێوان ئوروپا و ئامریکا وەڵامی سەرسەرییانەی بەزەخت و هەڕەشەکانی ئامریکا دەداوە و لە هەوڵ دا بوو کە لە رێگای پەرەدان بە پەیوەندی‌یە ئابوری‌یەکانی لەگەڵ ئوروپا، رەوتی تێکەڵاو بوون هەرچی زیاتر لەگەڵ بازاری جیهانی سەرمایە بپێوێ، بەڵام ئێستا بە تایبەت بە دوای لەشکر کێشی ئامریکا بۆ عێراق و داگیر کردنی ئەو وڵاتە، هەل و مەرجە کە گۆڕاوە. داگیر کردنی عیراق و ئەو گیروگرفت و کەندو کۆسپانەی کە ئامریکا بۆ سەقامگیر کردنی هێوری و ئارامی جێگای پەسەندی خۆی لەگەڵی روبەڕویە، ئامریکای سەرەرای زلهیزییەکەی هێناوەتە سەر ئەو بروایە کەلە دوبارە دا بەش کردنەوەی ئەمپریالیستی جیهانی و شکل دان بە نەزمی ناوچەی جێگای سەرەنجی خۆی‌لە رۆژهەلاتی ناوەراست دا دەبێ بەشی رەقیبە ئوروپاییەکانی وتەنانەت دەسەلاتەکانی ناوچەکە بەرادەی هێزێک کە هەیانە، بە کردەوە بەرەسمییەت بناسێ.

لە لایەکی ترەوە ئوروپاش نایهەوێ لە پەیوەندی یەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەوری ئامریکا خەت بکێشێ و بیانوو بە ئامریکا بدات تا کو یەک لایەنە سیاسەت و پرۆژەکانی سەر بە خۆ لە ئوروپا سەبارەت بە ئێران بەرەو پێش بەرێ. ئوروپا لە ژێر زەختی ئامریکا ناچار بوو دانیشتنەکانی سەر لە نوێ خۆی بۆ ئەو کاتەدانێ کە ئێران قەبووڵ بکات کە دەست لە پروژە ئەتومی‌یەکانی خۆی هەڵ دەگرێ.

سەرەنجام ئامریکاش هەلۆێستی سێ وڵاتی ئوروپایی قەبوول کرد کە بۆ چارەسەری دیپلۆماسی هەستەیی لەگەڵ ئێران دەبێ شان بداتە بە هاندانە ئابوورییەکان.

هێشتا کۆسپی زۆر لە سەر رێگای ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئامریکا لە ئارادایە، بەڵام ئەوەی کە گرینگە ئەو راستییەیە کە کۆماری ئیسلامی ئامادەگی ئەوەی وەدەست هێناوە کە سیاسەتەکانی خۆی هەرچی زیاتر لەگەڵ ستراتیژی ئەمپریالیستی ئامریکا لە ناوچەکە هاوئاهەنگ بکات.

ئامریکا بۆ شکڵ پێدان بە رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە کە ئێرانیش دەگرێتەوە بە چاو دادانەوەی هێزی نیزامی لە عێراق موژدەی سەرەتاکانی دەدات، لە بنەرەت دا پشت ئەستورە بە پەرەدان بە ڕەوتی خسوسی سازی، دەسەلاتی بازاری ئازادو گرتنە بەری ئۆلگوی نیئولیبرالیزمی ئابووری، رەچاوکردنی گەلاڵەی ناوەندەکانی ماڵی جیهانی و زەخت هێنان لە جۆری قەتەر و عەرەبستانی سعودی کە تا ئیستاش ژنان لەو ولاتانە ماڤ دەنگ دانیان نییە.

بە هەموی ئەوانەوە بۆ چی رژیمی کۆماری ئیسلامی کە ماوەی زیاتر لە یەک دەیە یە ئولگوی نیئولیبرالیزمی ئابوری گرتۆتە بەر و گەلاڵەی ناوەندە ماڵی یەکانی جیهانی یەک بە دوای یەک بە کردەوە دەردێنێ و بە خێرایی بەرەو تێکەلاوبونی هەرچی زیاتر لەگەڵ بازاری سەرمایەی جیهانی هەنگاوی هەلێناو ناتوانێ خۆی لەگەڵ ستراتیژی ئەمپریالیزمی ئامریکا رێک بخات، کۆماری ئیسلامی بەو گەلالە و ستراتێژە ئابووری یەی کە گرتویەتە بەر، تا ئێستا زۆر جار داواکاری‌یەکانی بۆ پەیوەست بون بە رێکخراوی تەجارەتی جیهانی لەگەڵ دژایەتی ئامریکا بەرەورو بووە، هەر بۆیە دانی ئیمتیازی ئابوری ئامریکا بە ئێران لە بارودۆخی ئێستادا نەتەنیا کارێکی دژوار نییە، بەڵکوو دەتوانێ لەگەڵ ستراتیژی ناوچەیی ئامریکادا بێتەوە.

لە لایەکی ترەوە بە پێچەوانەی ئەو تێگەیشتنە نادروستە کە دوای ١١ی سێپتامبر لە نیۆ زۆرێک لە هێزەکانی ئۆپۆزۆیسیونی ئێران دا شکڵی گرتووە کە گوایا بەرژەوەندی ئەمپریالیستی ئامریکا لەگەڵ ئیسلامی سیاسی دژایەتی پەیدا کردووە، ئێمە شاهیدی هاوجەهەتی رەوت و هێزە ئیسلامی‌یە سیاسی‌یەکان لەگەڵ نەزمی ئەمپریالیستی جیگای سەرنجی ئامریکا بووین.

ئەگەر لە قۆناخی شەری سارد ئامریکا بۆ بەرگرتن لە پەرەسەندنی نفوز و پێگەی شۆڕەوی بە شێوی تاکتیکی پشتیوانی لە تاقم و گروپە ئیسلامی‌یەکان دەکرد،

پێشڕەو

ئێستا نمونەی وەك سودان، ئەفغانستان، تورکی‌یە و عێراق، هەمویان دەرخەری ئەو راستی‌یەن کە ئامریکا هەوڵ دەدات ستراتێژی و نەزمی ناوچەیی جێگای سەرنجی خۆیْ بە پاڵپشتی ئیسلامی سیاسی بەرەوپێش بەرێ. ئامریکا لە عێراق نە تەنیا لەگەڵ رەوتە ئیسلامی یەکانی لایەنگری کۆماری ئیسلامی سازاوە، بەڵکوو بە کردەوە لە نفوزێك کە لە نێو هیزە سیاسی‌یەکانی تردا هەیەتی بۆ سەقامگیر کردنی پایەکانی رژیمێکی ئیسلامی لە عێراق کەڵك وەردەگری، ئەم راستی‌یانە نیشانی دەدات کە کۆماری ئیسلامی ئێران دەتوانێ بەم رەوتە پەیوەست بێ.

بە سەرنج دان بەو خاڵانە دەتوانین بڵێین کە سەرەڕای هەڵکشان و داکشانێکە کە لە سیاسەتەکانی ئامریکا دا لە ئاستی رژیمی ئیسلامی ئیران و لە سیاسەتەکانی ئێرانیش دا بۆ ئامریکا هەیە، سەرەڕای ئەوانە رەوتی گشتی هەل ومەرجەکە، سازانی هەرچی‌زیاتری کۆماری ئیسلامی لە گەڵ پێویستی‌یە ئەمپریالیستی‌یەکانی ئامریکا نیشان دەدات و هەر ئەو رەوتانەشن کە ئەگەری هێرشی ئامریکا بۆ ئێران بەتوندی لاوازدەکات .

هەر بۆیە لەئاستی پڕوپاگەندەی ئەو باڵە لە ئوپۆزێسیۆنی بۆرژوایی کە تەنانەت دوای کارەساتەکانی عێراق تا ئێستاش چاوەڕوانی ئەوڕۆژەن کەئامریکا هێرش بکاتە سەر ئێران ،نەتەنیا دەبێ دژایەتی بەرژەوندی ئامریکا لە گەڵ بەرژەوندی جەماوەری خەڵکی ئێران نیشان بدرێ، بەڵکوو سەبارەت بەم جۆرە تەبلیغاتە، کە خەڵك لە بێدەنگی چاوەڕوانی و بەهیوای هێرشی ئامریکادا رادەگرێ، دەبێ بەتوندی هوشدار بدرێ.

**پرسیار: ئێوە لە قسەکانتان دا ئاماژەتان کرد بە هەل ومەرجی باڵی موحافزەکار، ئەدی هەڵوێست و گەلاڵەکانی ئوپۆزیسیۆنی لیبراڵ و کۆماری خوازی ئێران سەبارەت بەم هەڵبژاردنە چۆن لێك دەدەنەوە؟**

وەڵام: دوابەدوای شکستی ئیسلاح خوازانی حکومەتی ئوپۆزیسیونی لیبرال و کۆماری خوازانی ئیران رێنوێەیکەی خۆیان ون کرد، ئەو بەشە لە ئۆپۆزێسیۆنی بورژوایی ئێران سەرەرای هەوڵەکان و کۆبونەوە جۆراوجۆرەکانیان کە رێکیان خستبوو، هێشتا نەیانتوانیوە کۆتایی بە ئاڵۆزی نێو ریزەکانی خۆیان بێنن.

ئەو بەشە لە ئۆپۆزێسیۆن بەو حاڵەوەکە هەیانە هێشتا نەیانتوانیوەکە سیاسەت و

هەڵۆ یستێکی وەك یەك لە ئاست نۆهەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری بگرنەبەر. بەشێك لە کۆماری خوازان و لیبراڵەکانی ناوەوە ودەرەوەی ئێران بە پەیرەوی کردن لە "جەبهەی موشارەکەت"و رێکخراوی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی و بە گرتنە بەری فەلسەفەی هەلبژاردنی خراپ و خراپتر، بانگەوازی خەڵك دەکەن بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردن دا.

تاقمێکی تر لە کۆماری خوازانی لیبراڵ، گرتنە بەری تاکتیکی دیاری کراو لەم پەیوەندی‌یەدا بە زوو دەزانن و چاوەڕوانی ئاکامەکانی "نەزارەتی ئیستسوابی" شورای نیگابانن. ژمارەیەك لەوانە کە نوقمی تەوەهوم و دودڵی ئەوە بون کە کۆماری ئیسلامی لە رێگای ریفراندۆمێك لە سەر کار لادەچێ، لە سەر ئەو باوەڕەن کە لە رۆژی هەڵبژاردن دا خەڵك بە ئالای سپی و دروشمی رێفڕاندۆم بڕژێنە سەرشەقامەکان. ئەوانە وا بیردەکەنەوە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی بزانێ کە خەڵك نایانهەوێ، لە رۆژێکی ساماڵ و خۆش دا تەواوی ئەرتەش، سوپای پاسداران و ماشێنی سەرکوتی دەوڵەت دودەستی دەدابە لیبراڵە خۆشباوەڕەکان و بۆ خوی دەڕوا.

لەم نێوە دا شورای سیاسی یەکێتی کۆماری خوازانی ئێران وەك رێکخراوترین بەشی ئۆپۆزێسیۆنی لیبڕاڵی دەیهەوێ بە داخوازی هەڵبژاردنێکی ئازاد لە کۆماری ئیسلامی و هێنانە ئارای پێویستی ئاڵ و گۆڕێکی ئەساسی و داڕەشتنی گەلاڵەیەکی دیاری کراو، کەسایەتییەکی نەتەوەیی وەك پاڵێوراوی پشتیوانی ئاوا گەلاڵە گەلێك بناسێنێ و هەر لەم بوارەدا پلاتفۆرمی خۆی لە سەر ئەساسی ئازادی زیندانییانی سیاسی، ئازادی ئەو حیزب و رێکخراوانەی کە هەلسووڕاوانی خۆیان لەسەر ئەساسی هەڵسووڕانێکی هیمنانە سەقامگیرە، هەلوەشانەوەی "چاوەدیری ئیستسوابی" ئازادی چاپەمەنی، نەهێشتنی سانسۆڕ، دەست پێ کردنی موزاکرات لەگەڵ ئامریکا، هاوکاری لەگەڵ پرۆسەی ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوەراست و... یان راگەیاندووە.

لە راستی دا ئەوانە خەیاڵی دووپات بونەوەی سێنارییۆیەکی وەکوو گورجستان، ئۆکڕاین و قێرقیزستانیان لە سەردایە و بە جۆرێك هۆگری ئەم شۆڕشە مەخمەڵی‌یە بوون کە تەنانەت توانای لێك دانەوەی هەل و مەرجەکەیان لە دەست داوە، ئەوانە لە لایەکەوە بەکردەوە تاکتیکی مەشروعییەت دان بە پڕۆسەی هەڵبژاردنیان گرتۆتە بەرو خزمەت بەگەرم و گوڕی هەڵبژاردن دەکەن، لەلایەکی تریشەوە بەو پلاتفۆرمەی کە داویانەتە دەری، بەقسەی خۆیان لە هەلی گونجاوی نۆهەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری کەڵك وەرگرن، تاکوو پشتیوانی بزوتنەوەی ژنان، بزوتنەوەی لاوان و باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو لای خۆیان راکێشن و ئەو هەلە وەدەست بێنن ئەو بزووتنەوانە بخەنە خزمەت ستراتێژی سیاسی خۆیانەوە.

ئەوانە هەرەشەی ئەوەیان کردووە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی مل نەدات بە هەڵبژاردێکی ئازاد، لە بەشداری سپی و ناڕەزایەتیانە لە رۆژی هەڵبژاردن دا پشتیوانی دەکەن.

بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە دەمەتەقە و مشت و مروی گەلاڵەکانی ئەم بەشە لە ئوپوزیسیونی تەعقیب کردووە و لیێ ئاگادارە، بەتەواوی ئاشکرایە کە ستراتێژو گەلاڵە ئابوری‌یەکانی ئەو بەشە لە ئۆپۆزێسیۆن هەمان گەلاڵە ئابوری‌یەکانی رەفسەنجانی‌یە.

ئەوانەدەیانهەوی پەیوەندی یە سەرمایەدارانە کانی ئێران دەست لێ نەدراو بمێنێتەوە. ئەوانە بەو گەلاڵە ئابوورییانەی کە هەیانە تەنانەت ناتوانن پلاتفۆرمی راگەیاندراوی خۆشیان بەکردەوە دەربێنن. چینی کرێکاری ئێران و جەماوەری زۆر لێکراوای ئەم کۆمەڵگایە زیاتر لە یەك دەهەیە کە خەریکە ئاسەوارە موسیبەت بارەکانی بەرەو پێش چونی هەر ئەو گەلاڵە ئابوری یانە تەجرەبە دەکات. بزوتنەوەی کرێکاری و باقی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی کانی ئێران هیچ قازانج و بەرژەوندییەکیان لە پەیوەست بوون بە بەدیلی ئەو و ئاغایانە نییە.

ئەوانە لەو رۆژەوەکە چوونە نێوبەری هێزەکانی ئوپۆزیسیونی ئێران، شۆرشیان بە کارێکی هەڵەزانیوە، ئەوانە لایەنگری رێگا چارەی هەنگاو بەهەنگاو و بە شیتنەیی و هێمنانەن و ئەوەش یانی ستراتێژی ئیسلاحی کۆماری ئیسلامی، ئەوانە دەیانهەوی کۆماری ئیسلامی لە سەر کار بمێنیتەوە و بە بەشداری سپی و نارازییانە لە رۆژی هەڵبژاردن و شوێنی‌تر ئیسلاحی بکەن. گەلاڵەی بەڕێوە بردنی ریفراندۆم، بەیانییەی ٥٥٢کەس، بەیانییەی ٥٦٥کەس، هەموی ئەوانە لە خزمەت لە باربردنی شۆڕش وئیسلاحی هەنگاو بەهەنگاوی کۆماری ئیسلامی دایە. ئەوانە ئەو خوشباوەڕییانە لە نێو خەڵك دا بلاو دەکەنەوە کە کۆماری ئیسلامی رەنگە لە ئاست وەدی هاتنی خواستەکانی خەڵك ئیسلاح بکرێ. ئەوانە دەیانهەوێ ئەوە بخەنە ناو بیروڕای گشتی کە بە نارەزایەتی سپی وبە بێ توندوتیژی، ئەو ئیمکانە هەیە کە بە تێپەر بوونی زەمان لە توندی یاسا دواکەوتووە ئیسلامی یەکانی کەم بێتەوە و کۆمارییەکەی بە هێز بێت. کۆماری تەواو عەیاری ئەو ئاغایانە هەر لەم مەسیرەوە تێپەڕ دەبێت، پێداگری ئەوان لە سەر ستراتێژی شۆڕش و حاشا کردن لە توندوتیژی ئەوە دەردەخات کە دروشمی جێگۆڕکێی ئەو بەشە لە ئۆپۆزۆسیۆن پوچ و بێ ناوەڕۆکە.

دەبێ بە کرێکاران و جەماوەری خەڵکی ئیران نیشان بدری کە خواستی ئازادی سیاسی، ئازادی بیروباوەڕو چاپەمەنی لە ڕێگای‌ستراتێژی ئاڵ وگۆڕی بە شێنەیی ئەو ئاغایانە و هیوادار بوون بە ئیسلاحات لە نێوخۆی رژیم دا هیچ کات بەدی نایەت.

**پرسیار: هەروەك بۆخۆیان ئاگادارن ماوەیەك لەمەو بەر بەیانییەیەك لە لایەن کومیتەی بەدوادا چونی پێك هێنانی رێکخراوە سەر بە خۆ و ئازادە کرێکاری‌یەکان بلاو بووە، کە بە پێی گوزارش لەم پەیوەندی‌یەدا نزیکەی ٤٠٠٠کەس لە کرێکاران ئیمزایان کردووە. لە جەرگەی هەل ومەرجی ئیستای بزوتنەوەی کرێکاری‌دا ئێوە ئەم حەرەکەتە چۆن لێك دەدەنەوە؟**

وەڵام: بە بڕوای من ئەم حەرەکەتە دەبێ لە جەرگەی هەل و مەرجی ئێستای بزوتنەوەی کرێکاری و دژایەتی بۆچوونە ناوخۆییەکان دا لێك بدرێتەوە. هەمووی ئێمە شاهید بووین کە بە سەر هەڵدانی دیاردەی دووی خورداد لە ساڵی ٧٦دا و هەوڵەکانیان لەپێوەند لەگەڵ رێکخراوی جیهانی کارو پەسەند کردنی ژمارەیەك لە مقاوەلەنامەکانی ئەم رێکخراوەیە کە کۆسپەکانی سەر رێگای چوونەناو رێکخراوی تەجارەتی جیهانی لادە برد، بۆ چوونی رێفورمیستی نێو بزوتنەوەی کرێکاری کە کاکڵەی سەرەکی ئەو دەستەی دامەزرینەری سەندیکاکان بوون، ئەو هیوایەیان پەیدا کرد کە لە رێگای یەکێتی سیاسی لەگەڵ دووی خوردادی یەکان و بە دەخالەتی "ئای،ئێل،ئۆ" رێکخراوەکانی جێگای سەرنجی خۆیان بە بێ دەخالەت و ئاگاداری کرێکاران پێك بێنن، بەلام ئەو تەرحە شکستی هێناو لە ئاکام دا "ئای، ئێل، ئۆ" لە مانگی "مێهری" ساڵی رابردودا لە تەوافوق لەگەڵ وەزارەتی کاری کۆماری ئیسلامی، خانەی کارگەری وەك رێکخراوی کرێکاری بە رەسمییەت ناسی، لە تەواوی ئەم دەورەیەدا هەڵسوراوانی سوسیالیستی نێو بزوتنەوەی کرێکاری هەوڵیان دا کە ناوەروکی راستە قینەی رێکخراوەکانی جێگای سەرنجی " ئای، ئێل، ئۆ" و دووی خوردادی یەکان بۆ کرێکاران روون بکەنەوە. ئەو بەشە لە هەلسوڕاوانی کرێکاری بە هەوڵەکانی خۆیان توانییان ئەم جۆرە رێکخراوانە و سات و سەودای "ئای، ئێل، ئۆ" لەگەڵ وەزارەتی کارو خانەی کارگەری رژیم لە پێشوو بێ بایە خەتر بکەن.

بەیانییە کۆمیتەی بەدواداچوونەوە وێڕای دەربرینی فوشوردەی گیروگرفتە راستەقینەکانی کرێکاران، رایدەگەیەنێ کە رێککەوتننامەکانی "ئای، ئێل، ئۆ" بەرەسمییەت ناناسێ، تا ئەو جێگایەی کە هەڵدەگەڕێتەوە سەر هەڵسوراوانی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکاکان لە نێو خۆی ئەم حەرەکەتەدا، ئیعتراز دەکەن بە "ئای، ئێل، ئۆ" کە بۆ چی حیسابی لە سەر ئەو دۆستانەی ئێمە نەکردووە.

بەیانییەی کۆمیتەی بەدوادا چوونەوە، لە جیاتی بانگەوازی کرێکاران بۆ هەنگاوی بەکردەوە و راستەو خۆ بۆ پێك هێنانی رێکخراوەکانی جەماوەری کرێکاران ئەوانی لە چاوەروانی کردەوەکانی وەزارەتی کاری کۆماری ئیسلامی دا رادەگرێ. هەڵویست گرتنەکانی کۆمیتەی بەدواداچوون ئەم تەسەووڕەی پەرە پێداوە کە ئەو جار هەڵسووڕاوانی دەستەی دامەرزێنەری سەندیکاکان دەیانهەوێ بۆ زەخت هێنان بو خانەی کارگەرو ناچارکردنی "ئای، ئێل، ئۆ" بۆ بە حیساب هێنانیان رویان هێناوەتە بەسیج کردنی جەماوەری کرێکاران و گوشار هێنان لە خوارەوە بێشك هەلسوڕاوانی سۆسیالیست دەبێ بە دەخالەتی دڵسۆزانەی خۆیان هەوڵ بدەن کە بەسیج کردنی کرێکاران نەبێتە هۆی ئامرازی سازمان و پەرەپێدان بەم خۆشباوەڕییانە.

لە لایەکی ترەوە هەر ئەوەی کە بەیانییە لە پالپشتی یەك لایەنە لە سەر پێك هێنانی سەندیکا وەك تەنیا ئامرازی رێکخراوبوونی کرێکاران دەستی هەڵگرتووە و ژمارەیەك لە ئەندامانی کۆمیتەی بەدوادا چون لە وتووێژەکانیان دا لە رێکخراوی کرێکاری وەك شووڕا وئیتحادییە قسەدەکەن و لە لایەکی ترەوە راوبۆچوونی ژمارەیەك لە ئەندام و وتەبێژانی کۆمیتەی بەدوادا چون لە پەیوەند لەگەڵ بەرتەسك کردنەوەی رێکخراوی کرێکاری بۆ خەباتی سێنفی یان دەربڕینی تێگەیشتنی جیاواز لە رێکخراوی سەربە خۆی کرێکاری، هەمووی ئەوانە دەرخەری ئەوەیە کە کۆمیتەی بەدواداچوون، ویان کۆبونەویەك کە کۆمیتەی بە دوادواچوونی هەڵبژاردووە، هەڵگری بۆچوونی جۆراوجۆری سیاسی یەو دیسان هەوڵی هەڵسوراوانی دەستەی دامەرزینەری لە ئاخرین کۆبونەوەی گشتی ئەم حەرەکەتە بۆ بەرتەسك کردنەوەی ئەم حەرەکەتە چوار چیوەی چاوەڕوانییەکانی خانەی کارگەری رژیم ودژایەتی زۆربەی بە شدار بوان لەم کۆبونەوەیەدا بەم هەولانەش هەر ئەو راستی‌یە بە دەردەخات. جا بۆیە لە قەلەم دانی سەرجەمی ئەم ئەزمونە کرێکاری‌یە بە رێفۆرمیسم و سەندیکالیسم کارێکی دروست نییە. بەلام سەرەرای هەر رەخنە و لێکدانەوەیەك کە لە کەم وکوڕییەکانی ئەم حەرەکەتە هەمانبێ، هەوڵی کۆمیتەی بەدوادا چون و تۆمارێك کە ئامادەیان کردووە، بەشێك لە هەوڵ و خەباتی چینی کرێکاری ئێران بۆ پێك هێنانی رێکخراوی جەماوەری کرێکاری‌یە. ئەوەی لەم پەیوەندی‌یەدا گرینگی وەدەست هێناوە، بەهێز کردنی ئەو هەولانەیە کە دەیهەوی بۆچوونی سۆسیالیستی نێو بزوتنەوەی کرێکاری، سیاسەت و هەڵوێستێکی تارادەیەك یەکسانی لە ئاست ئەم حەرەکەتە بگرێتە بەر. ئەم حەرەکەتە نابێ لە لایەن هەڵسووڕاوانی رادیکاڵ و سۆسیالیستی کرێکارییەوە تەحریم و بایکۆت بکرێ. کاتێك کە قسەی چەند

هەزار کرێکار و حەرەکەتێکی جەماوەری دەکەین، هەلوێستی دڵسۆزانەو بەرپرسانە وای دەوێ کە بە

ئەگەر لە قۆناغی شەڕی سارد ئامریکا بۆ بەرگرتن لە پەرەسەندنی نفوز و پێگەی شۆڕەوی بە شێوی تاکتیکی پشتیوانی لە تاقم و گروپە ئیسلامی‌یەکان دەکرد. ئێستا نمونەی وەك سودان، ئەفغانستان، تورکی‌یە و عێراق، هەمویان دەرخەری ئەو راستی‌یەن کە ئامریکا هەوڵ دەدات ستراتێژی و نەزمی ناوچەیی جێگای سەرنجی خۆی بە پاڵپشتی ئیسلامی سیاسی بەرەوپێش بەرێ.

پێشڕەو



هەڵس و کەوتێکی دەخاڵەتگەرانە نەهێڵێ ئەم حەڕەکەتە لە چوارچێوەی چاوەروانییە دیاری کراوەکان لە لایەن خانەی کارگەری ڕژیمەوە تەعتیل بێ و لە نیوەی ڕێگادا کار بکێشرێتە سازان و سات و سەودا، نابێ بهێڵێ کرێکاران لە چاوەڕوانی کارو کردەوەکانی خانەی کارگەردا بن. دەبێ بە ئاشکرا زیانبار بونی هەڵویستی لارو لەوێری هەڵسووڕاوانی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکاکان کە لەم حەرەکەتەدا بەشدارن بۆ کرێکاران شی بکرێتەوە.

بەسەرنج دان بەومەسەلانە لێرەدا بەرپرسیارییەتی هەڵسووڕاوانی سۆسیالیستی نێو بزووتنەوەی کرێکاری لە ئیمزا یان ئیمزا نەکردنی ئەو تۆمارە واوەترە. بەشداری چالاکانەی ئەوان لەم حەرەکەتەدا لە گرەوی ئەوە دایە کە بە هەڵس وکەوتی دەخاڵەتگەرانەی خۆیان زەمانەتی ئەوە بکەن کە بەرادەی ئەو هێزەی کەهەیانە دەتوانن لەسەر هەڵۆیست گرتنەکانی ئەم حەرەکەتە کاریگەری دابنێن و ئاسۆی روناك بنێنە بەردەم ئەم حەرەکەتە. کارەکانی کۆمیتەی بەدوادا چوون ئیبتکار عەمەلێکی کرێکارییە بەلام بێشك کارێکی پێشرەوانەی کرێکاری بۆ پێك هێنانی ئەو رێکخراوانە بەم حەرەکەتە مەحدود نامێنێتەوە و لەو چوارچێوەیەدا نامێنێتەوە.

لە بارودۆخی ئێستادا بە سەرنج دان بە پێویستی کۆماری ئیسلامی بە پەیوەست بونی بەرێکخراوی تەجارەتی جیهانی و هەر لەم پەیوەندی یەدا پەسەند کردنی ژمارەیەك لە مقاوەلە نامەکانی رێکخراوی جیهانی کار، هەولی" ئای، ئێل، ئۆ" بۆ بە کردەوە دەرهێنانی مقاوەلەنامەکانی جێگای سەرنجی، بێ بایەخی تەواوی شووڕاکانی ئیسلامی و خانەی کارگەر، مەسەلەی پێك هێنانی رێکخراوەکانی کرێکاری کردۆتە مەسەلەیەکی سیاسی رۆژ، لە لایەکی دیکەوە پەرەسەندنی خەباتی سێنفی کرێکاران لە چەند سالی رابردو، ئەووەڵی مانگی مەی سالی رابردوو و ئاکامەکانی، بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە هەڵسوراوان و پێشرەوانی رادیکالی کرێکاری کە لە ئاستی بزوتنەوەی کرێکاری دا بوونەتە بە سیمای ناسراو، بوارە عەینییەکانی رێکخراوی کرێکارییان رەخساندووە. هەڵسوڕاوان و پێشڕەوانی کرێکاری بە تایبەت هەڵسووڕاوانی سۆسیالیستی نێو ئەو بزوتنەوەیە، پێویستە بە پێك هێنانی هاو ئاهەنگی لە نێو ریزەکانی خۆیان، پێك هێنانی رێکخراوە دژی سەرمایەداری و جەماوەرییە کرێکارییەکان بنێنە دەستوری کاری خۆیان و نابێ چاوەڕوانی وەزارەتی کار یان هیچ ناوەندێکی تری رژیم بن تاکو کۆسپەکانی سەر رێگای رێکخراوبوونی کرێکاران لابەرێ.

**هیوادارم کۆبوونەوە و دانیشنە کرێکاری یەکان کە بە مەبەستی تەداروکی بەڕێوە بردنی ئەووەڵی مانگی مەی پێك دێن یارمەتی هاو ئاهەنگی زیاتر لە نێو هەڵسوراوان و پێشڕەوانی کرێکاری بۆ پێك هێنانی ئەو رێکخراوانە بکات.**

# بارێکخراوی کرێکاری بە هێزی خۆمان پێك بێینن!

کرێکاران!

ئەمرۆکە یە کێك لە ئاشکراترین و سەرەتاییترین مافی حاشا هەڵنەگر و مسۆگەرو ناسراوی کرێکارانی جیهان، مافی پێك هێنانی هەر چەشنە رێکخراوی کرێکارییە. لە دنیای ئەمرودا کرێکاران رێکخراوی خۆیان بەبێ ئیجازەی دەوڵەتەکان پێك دێنن و دەولەتەکان بە پێی ستانداردە جیهانی یەکان،تەنیا ئەرکێك کە لە سەر شانیانە سەبت کردنی ئەم رێکخراوانەیە وئەگەر سەبتیش نەکرێن، ئەو رێکخراوەکرێکارییانە دەتوانن پێك بێن و خەرێکی چالاکی خۆیان بن.

دەوڵەتی ئێڕان سەرەرای پەسەند کردنی مقاوەلەنامەکانی ٨٧ و٩٨ ی رێکخراوی جیهانی کار، نە تەنیا بە کردەوە گوێی بەو بەر پرسییارییەتە نەداوە، بەڵکوو بە هەموو هێزییەوە لە ئاست خواستی کرێکاران دا ریزی بەستووە. ئەمرۆ لەم گۆشەیە لە جیهان، کرێکاران لە ماڤی هەبوونی رێکخراوی سەربەخۆ و سەرتاسەری خۆیان بێبەشن، بە هۆی بەریوە بردنی ئازادانەی رێوەرەسمی ئەوەلی مانگی مەی مەحاکەمە دەکرێن. کریکاران لە خاتون ئاباد بە هۆی داخوازی کار و ئەمنییەتی شوغلی دەکوژرێن، بۆ ئەوەی کە زیندو بمێننەوە ناچارن ئەم رادەیە لە حەقدەست قەبووڵ بکەن کە بە پێی ستانداردەکانی هی بیست ساڵ لەوە و پێش، دیاری کراوە، هەروەها بو وەدەست خستنی کاری کورت ماوە ناچاریان دەکەن قەراردادی سپی و بێ قەیدوشەرت ئیمزا بکەن. چەوساندنەوەی دووقاتی ژنان بە حەقدەستێك کە یەك لە سێی هەمان لانی کەمی حەقدەسەتی پەسەندکراوی دەوڵەتە، هەروەها درێژەی هەیە، و منالان لە جیاتی خۆیندن و ژیانی منالانە، بە شێوەیەکی وەحشیانە لە کارگا ژێر زەمینییەکان و لە هێندێك شوین بە شیوەی نهێنی وەك کۆیلە کاریان لێ دەکێشنەوە.

کریکاران!

بۆ رزگاری لەم هەمووە رۆژ رەشی و هەژاری و فەلاکەت و بێ ماڤی یە، بەر لە هەرشتێکی تر دەبێ رێکخراوبین، بەلام ئێمە ماڤی رێکخراو بوون لە هیچ دەولەت، ریکخراو ناوندێك داواناکەین. رێکخراوو ماڤی ئێمەیە. بەهێزی خۆمان پێکی دێنین و دواتر داوا لە دەوڵەت دەکەین کە بۆمان بە رەسمییەت بناسێ. پێویست نەبوونی موجەوزی دەولەت بۆ ریکخراوی کرێکاری وەها حاشا هەڵنەگر و روون و ئاشکرایە کە تەنانەت لە مقاوەلەنامەی ٨٧رێکخراوی جیهانی کاریش کە سەبارەت بە ئازادی رێکخراوی کرێکارییەهاتووە و دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیش قەبولی کردووە. لەم رووەوە، رێکخراوی جیهانی کار کە بۆ خۆی مقاوەلەنامەکانی ئامادە کردووە و بە پەسەندی دەوڵەتەکانی گەیاندووە، ئەو ئەرکەی دەکەویتە سەرشان کە لە جیاتی سازان و سات و سەودا کردن لەگەڵ دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی پابەند بە بەرپرسایەتی خۆی بێ و بە پێی ئەرکێك کە وەستۆی گرتووە دەوڵەتی ئیران ناچار بکات تاکوو کۆتایی بە سەر کوتی هەلسووراوانی بزوتنەوەی کریکاری بێنێ.

هەروها، دەولەتی کۆماری ئیسلامی ئیران دەبێ ئەمنییەتی هەلسوورانی کرێکاری تەزمین بکات.

ئیستا ئەی هاوچینە شەریفەکان: لە سەر ئەساسی بەرژەوەندی هاوبەش و چینایەتی، ئەرکی پشتیوانی لە کرێکارانی ئێڕان دەکەوێتە سەر شانی تەواوی ئینسانە شەریفەکانی سەرتاسەری جیهان. داروندەداری کرێکارانی ئیران بە هۆی هیرشی بێ ئامانی نیزامی سەرمایەداری لە ناو چووە. لە رێکخراوەکان و سەندیکاکان، ئەنجومەنەکان و لایەنگرانی چینی کریکار داوا دەکەین کە یارمەتیمان بدەن و پشتیوانیمان لێ بکەن.

کومیتەی هاو ئاهەنگی بۆ پێك هێنانی رێکخراوی کرێکاری

موحسینی حەکیمی(وەرگێر) بێهزادی خەباز (فلێزکار) بەهرامی دێزکی(جوشکار)مەحمودی سالحی(خەباز)

www.Komiteye hamahangi.com
komiteye_ hamahangi@yahoo.com

رونێویشت بو:

رێکخراوی چاوەدیری ماڤی مرۆڤ

کۆنفێدراسیۆنی نیونەتەوەیی رێکخراوە ئازادە کریکارییەکان

رێکخراوی جیهانی کار

ئیمە ئەو کەسانەی کە ئەم بانگەوازەمان ئیمزا کردووە، ئەو بانگەوازەی سەرەوە تەئید دەکەین و رێکخراوی کرێکاری بە هیزی خۆمان پێك دێنین.

لیستی ئیمزا

تا ئێستا زیاتر لە ٣٠٠٠ کەس ئەم بانگەوازەیان ئیمزا کردووە

## بڕیارنامەی ئەووەڵی مانگی مەی ٢٠٠٥، رێ و رەسمی رێزگرتن لە ژنان و منداڵانی کار لە سنە

رۆژی ئەووەلی مەی جێژنی هاوپشتی و یەکگرتویی نیونەتەوەیی کرێکارانە. لەم رۆژەدا هەژارانی سەرتاسەری دونیا لە دژی نیزامی سەرمایەداری وەك سەرچاوەی تەواوی گیروگرفتەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەست دەدەنە نارەزایەتی. ئەووەڵی مانگی مەی مارشی جیهانی پرۆلیتارییای وەتەنگ هاتوو لە دژی کۆیلەی کاری حەقدەست دێنەدەنگ. کرێکاران بۆ رزگاری هەڵدەستن و رادەگەیێنن. رزگار بوونی چینی کرێکار بە واتای رزگار بوونی مرۆڤایەتی لە ستەم و چەوسانەوەیە. زورلێ کراوانی کۆمەڵگا لە دەوری ئالای رزگاری بەخشی چینی کرێکار یەکگرن!

ئێمە بەشدار بووانی رێ ورەسمی ئەووەلی مانگی مەی لە سنە هاودەنگ و هاورێ لەگەڵ زۆرلێکراوانی سەرتاسەری دونیا رێز لەم رۆژە دەگرین و هاوپشتی و هاوخەباتی خۆمان لەگەڵ خەباتی چینایەتی کرێکارانی ئێران و سەرتاسەری جیهان رادەگەیێنین.

داواکاری و داخوازی خۆمان لەگەڵ خواست و داواکاریەکانی بەشەکانی تری کرێکاری گەلاڵە دەکەین و بۆ دابین کردنیان هەوڵ دەدەین.

١_ ئازادی راو بۆچوون، رێکخراوی کرێکاری، مانگرتن و کۆبوونەوە بۆ کرێکاران بە بێ هیچ مەرج و بەرتەسك کردنەوەیەك.

٢_ دابین کردنی بیمەی بێکاری پێویست بۆ تەواوی کەسانی بێکاری ناو کۆمەڵگا بە ژن و پیاو.

٣_ دابین کردنی بیمەی کۆمەلایەتی، بیمەی لە کارکەوتویی بۆ ژنانێك کە کاری ناو ماڵ دەکەن.

٤_ قەدەغە کردنی کار کردن بۆ منداڵانی ژێر ١٨ساڵ.

٥_ دانی حەقدەستی پێویست و یەکسان بۆ تەواوی شاغلەکانی کۆمەڵگا بە ژن وپیاو.

٦_ دانی دەست بە جێ و سەروەختی مەزایا و حەقدەستی کرێکاران و فەرمانبەران و قەدەغە کردنی وەدواخستنی حەقدەستەکان بە هەر بیانوویەك.

٧_ قەدەغە کردنی لە سەر کار دەرکردن و بێکار کردنی کرێکاران و دانی دەست بە جێی تەواوی داواکارییەکانی کرێکارانی لە سەر کار دەرکراو بە بێ وەدەواکەوتن و دابین کردنی بیمەی بێکاری پێویست بۆ ئەوان.

٨_ دابین کردن بێهداشت، بیمەی دەرمانی و کۆمەلایەتی بە خۆرایی، فێرکردن و بارهێنان و خانووی گونجاو بۆ تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگا.

٩_ پێ راگەیشتنی دەست بە جێ بە ژیانی منداڵانی سەر شەقامەکان و بێ سەرپەنا و دابین کردنی خانوو و ئیمکاناتی ئاسایشی و ژیان بۆ تەواوی ئەوان بە بێ هیچ جۆرە هەلاواردنێك لەگەڵ باقی کەسانی ناو کۆمەڵگا.

١٠_ هەڵوەشانەوەی ئێعدام لە کۆمەڵگادا، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بە رەسمیەت ناسینی ئازادی مەدەنی و کۆمەلایەتی تەواوی خەڵك.

پیرۆزبێت ئەووەلی مانگی مەی

بەشدار بووانی رێ و رەسمی ئەووەلی مانگی مەی ٢٠٠٥

کانونی پشتیوانی لە مافەکانی منداڵان

کۆمەڵەی پشتیوانی لە مافەکانی ژنان

سەندیکای کرێکارانی نانەواخانەانی سنە و دەورووبەر

## بەڕێوە چوونی رێ و رەسمەکانی ئەووەڵی مانگی مەی لە شارەکانی فیلیپین

رێ و رەسمەکانی رۆژی جیهانی کرێکار لە زۆربەی شارەکانی ئەم وڵاتەدا بەڕێوە چوون. رێ ورەسمی رۆژی جیهانی کرێکار لە شاری "مانیل" پێتەختی ئەم وڵاتە بە رێ پیوانی کرێکاران لە ناوچەی "کیاپۆ" دەستی پێی کرد کە هەزاران کرێکاری ناوچە کرێکاریەکانی ئاکابایا و سانلاکاس بەشداری یان تێدا کردبوو.

لە ئاکامی ئەم خۆپیشاندانەدا و لە کاتێك دا کە کرێکاران ویستوویانە بەرەو ناوەندی شاری مانیل لەوانە مەیدانەکانی میراندا‌ومندیولاگ بڕۆن، کەوتوونەتە بەر پەلاماری پۆلیس و لە ئاکام دا دەستگیر کراون. لە شاری "کۆزۆن" یش کە دووهەمین شاری گەوری فیلیپینە هەزاران کرێکار رێپێوانێکی بەربلاویان بەڕێوە بردووە و بە دانی هەندێك درووشم خوازیاری بردنەسەرەوەی حەقدەستەکان، خەبات دژی ئاوسان، بردنە سەرەوەی دابین کردنی کۆمەلایەتی و هەروەها پێك هێنانی عەداڵەتی کۆمەلایەتی بوون.

## رێ ورەسمی رۆژی جیهانی کرێکار لە مسکۆ بەرێوە چوو

رۆژی یەکشەممە ١١ی گولان زیاتر لە ١ملیون کەس لە خەڵکی روسیە رێ ورەسمەکانی ئەووەلی مانگی مەیان لە ٦٨ناوچەی ئەم ولاتە بەڕێوە برد. خۆپیشاندانی رۆژی جیهانی کرێکار لە مسکو لە ژێر چاوەدێری توندی ئەمنییەتی و لە مەیدانی "کالوژسکابا"(ئۆکتۆبری پێشوو) کە گەورەترین پەیکەری لێنینی لێیە دەستی پێ کرد و خۆپیشاندەران تا مەیدانی "سوور" رێ پیوانیان کرد و رێ و رەسمی سەرەکی لە بەرانبەر گلکۆی لێنین بەڕێوە چووە. بەشدار بووانی خۆپیشاندانی رۆژی جیهانی کرێکار لە روسییە بەدانی چەند دروشمێك بۆ پشتیوانی لە مافەکانی کرێکاران لە دژی سیاسەتە ئابوری وکۆمەلایەتییەکانی دەوڵەتی روسییە دەوڵەتەکانی ئامریکا و ئیسرائیل راوەستان. شایانی باسە خۆپیشاندەرانی رۆژی جیهانی کرێکار لە مسکو بە ئالای سوور و وێنەی لێنین لەم خۆپیشاندانەدا بەشدارییان کردووە کە زۆربەی هەر زۆری خۆپیشاندەران لاوان بوون.

## بەڕێوەچوونی ڕێ و ڕەسمی ئەووەڵی مانگی مەی لە ئۆردوگای ناوەندی کۆمەڵە

کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ١٠ی گوڵان ڕێ و ڕەسمێکی بەشکۆ بۆ ڕێزگرتن لە یەکی مەی ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار بە بەشداری سەدان کەسە لە دۆستان و لایەنگرانی کۆمەڵە لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان وەهەروەها بە ئامادە بوونی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ئۆردوگای ناوەندی کۆمەڵە بەڕێوە چوو.

ڕێ و ڕەسمەکە بە ڕاگەیاندنی ڕیزی بەرنامەکان لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەری مەراسمەکە بە سرودی ئەنترناسیونال سرودی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار ویەك دەقیقە بێ دەنگی بۆ ریزگرتن لە یادی هەموو گیانبەخت کردووانی ڕێبازی ئازادی و سۆسیالیزم بەشی یەکەمی ڕێ و ڕەسمەکە دەستیپێکرد،دواتر بە سرودی بەڕێزەگیانبازیتان بێدەنگی‌یەکە شکا و دواتر هاوڕێ سەلاحی مازوجی ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە و حیزبیکۆمۆنیستی ئێران هەر بەم بۆنەوە وتارێکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.هاوڕێ سەلاح وێڕای بەخێرهاتن بە هەموو ئەو کەسانەی کە لە ڕێگای دور و نزیکەوە هاتبون و لەم ڕێ ڕەسمەدا بەشداریان کردبوو، گرینگ ترین ئەرکەکانی داهاتووی چینی کریکاری خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

هاوڕێ سەلاح وێڕای ئاماژە بە سیاسەتە ئابورییەکانی ڕژیمی ئیسلامی لە ماوەی ١٠ساڵی رابردوودا کە لە پێناو سیاسەتی دانی ناوەندی پیشەسازی وبەرهەم هێنەرەکان بە کەرتی تایبەت"بەشی خسوسی" لەگەڵ هێرشێکی هەمەلایەنەی بۆرژوازی ئێران بۆ سەر ژیان و بەڕێوەچوونی چینی کرێکار هاوکات بووە، لە سەر ئەم بابەتە جەختی کردەوە کە باڵەکانی جیاجیای بۆرژوازی ئێران چ ئەوانەی کە لە نیو دەسەڵات دان و چ ڕەوتی لیبراڵەکانی نێو ئۆپۆزسیۆن جگە لە قووڵتر کردنەوەی ئەم بارودۆخە مەینەتبارە هیچ ڕێگا چارەیەکیان بۆ دەربازکردنی کۆمەڵگا لەم هەل و مەرجە نییە و هەر لەم پێوەندییەدا ئاماژە بە بەرامبەرکێی ئالترناتیوەکانی نێو بزوتنەوەکومەڵایەتییەکان کرد و پێویستی پێشڕەوی ئاڵترناتیوی کرێکاری و سۆسیالیستی بە ئەرکێکی گرینگ ناو برد.

هاوڕێ سەلاحی مازوجی لە بەشیکی تری قسە و باسەکانی دا ئاماژەی بەو ڕاستییە کرد کە لە جەرگەی خەباتی پیشەیی چەند ساڵی رابردووی کرێکارانی ئێران دا ڕێبەرانیك پەرەوەردە بوون کە لە ئاستی سەرتاسەری دا ناسروان و هێز و توانایی ڕیبەری کردنی خەباتی کرێکارانیان لە خۆیان پیشان داوە، هاوڕێ سەلاح دواتر ئامارەی بە گرنگی هەوڵ و تێکوشانێکی ئاشکرا کرد کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە لایەن بەشێك لە هەڵسوراوانی رادیکاڵی نێو بزوتنەوەی کرێکاری ئێران بە مەبەستی پێکهینانی ڕێکخراوی کرێکاری دەستی پێ کردووە ولەمپێوەندەدا داوای لە کرێکاران کرد کە ئەم حەڕەکەتە بە هی خۆیان بزانن و پێی پەیوەست بن.

سەبارەت بە بزووتنەوەی شورشگێرانەی کوردستانیش هاوڕێ سەلاح ووتی،

بزوتنەوەی کوردستان بۆ پیشرەوی و سەرکەوتنی خۆی هیچ ڕێگایەکی بێجگەلە پشت بەستن بە مێکانیزمی خەباتی چینایەتی لە کوردستان نییە. بزووتنەوەی شورشگێرانەی کوردستان دەتوانێت بە پشت بەستن بە بزووتنەوەی کرێکاری، بزوتنەوەی ژنان و لاوان پیشڕەوییەکانی خۆی درێژەی پێ بدات.

لە نیو ڕێ و ڕەسمەکەدا گورانی بە زمانی کوردی و فارسی لە لایەن چەند کەس لە هونەرمەندانەوە پێشکەش بە بەشدار بووان کرا کە لە لایەن ئەوانەوە بە گەرمی پیشوازییان لێ کرا.

لە بەشیکی تر لەم ڕێ و ڕەسمەدا ئەو پەیامانە خویندرانەوە کە بە بونەی ریز گرتن لە روژی جیهانی کرێکار بە دەستەی بەڕێوە بەری ڕێ و ڕەسمەکە، گەیشتبوون، لە کۆتاییدا ڕێورەسمەکە لە نێو هەڵپەرکێ وشادی و خۆشی بەشداربووان دا کۆتایی پێهات.

## بەرێوە چوونی ڕێ و ڕەسمی ئەوەلی مانگی مەی لە "ئاوشارخۆر" لە جاددەی چالوس

ڕۆژی جومعە ٩ی گوڵان ژمارەیەك لە کرێکارانی کارخانەکانی سایپا، ئێران خۆدرۆ، پیشە سازی فیرکردن و پارس خۆدرۆ، هاوڕێ لەگەڵ تویژە جۆراوجۆرەکانی هەڵسوراوی کرێکاری تاران و کەرەج لە ئاوشار خۆر هەڵکەوتوو لە ڕێگای چالوس لە دەوری یەك کۆببونەوە و بە بۆنەی هاتنی ئەووەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار ڕێ و ڕەسمێکیان بەڕێوە برد. ژمارەی بەشدار بووانی ئەم ڕێ و ڕەسمە دەگەیشتە هەزار کەس.

ئەم ڕێ و ڕەسمە بەرەبەیانی ڕۆژی جومعە ٩ی گوڵان سەعات یەك و نیوّ بە خوێندنەوەی کورتە مێژوویەکی ئەووەڵی مانگی مەی لە لایەن یەکێك لە کرێکارەکانەوە دەستی پێ کرد، پاشان چەند بابەت و نووسراوە سەبارەت بە ماف پێك هێنانی ڕێکخراوی کرێکاری و پێویستی ڕێکخراوبوونی کرێکاران و ناساندنی ڕێکخراوی جێهانی کار لە لایەن بەشدار بووانەوە خویندرایەوە. ناوەناوە لە نێوان بەرنامەکان دا منداڵانی هونەرمەند و ژمارەیەك لە کرێکاران بە بەڕێوە بردنی موسیقا و خویندنەوەی گۆرانی شاد کەش و هەوایەکی خۆشیان پێك هینا بوو. هەر لە سەرتای بەیانییەوە کریکارانی پێشڕەو و هەڵسووڕاوانی کرێکاری بە پێك هێنانی کۆڕ و کۆمەڵی گەورە و بچووك بابەتی کرێکاری جۆراوجۆریان خستۆتە بەر باس و لێکولێنەوە ئەم ڕێ و ڕەسمە کاتژمێری ٥ی دوانێوە ڕۆ کوتایی پێ هات.

### پاشماوەی ڕێ ورەسمی ئەووەلی مەی لە شاری سەقز

دوای وت و ویژی چروپڕ و هەلسەنگاندنی لایەنەکانی جۆاروجۆری ئەم داوایەی فەرماندار، ٩٥لە سەدی هەلسوراوانی کرێکاری ئەم پیشنیارەی فەرماندار وەکوو پاشەکشەیەکی گەورە بۆ ڕژیم ناو لێ دەبەن و ڕێ و ڕەسمی ئەووەلی مانگی مەی و خویندنەوەی وتاری ئازادانە لە شوێنێك کە ئەمنییەتی دابین کراوە بە قازانج دەزان و نزیکی ٥لە سەدیشیان خوازیاری نەچوون بۆ ڕێ ورەسمی دەولەتی و بەڕێوە بردنی مەراسمی سەر بە خۆ دەبن. دوای تەواو بوونی قسەو باسەکان زۆربەی هەڵسوراوانی کرێکاری بریار دەدەن کە لە ڕێو ڕەسمی سالونی کاوە دا بەشداری بکەن و ئەم ڕێ و ڕەسمە لە دەستی خۆیان ڕاگرن. هەلسوراوانی کرێکاری دوای ئەم بریارە بییر لە ڕێ و شوینێکی تایبەتیش دەکەنەوە کە لە ئەگەری فێڵ و تەڵەکەی ڕژیم بتوانن ڕێ و ڕەسمی سەر بە خۆی خۆیان بەریوە بیەن. شەوی ١٠ی گوڵان ئەو هەواله بلاّو دەبێتەوە کە نێوی مەحموودی سالحی لە نێوی ئەو کەسانەی کە وتار دەخۆیننەوە لابراوە. بەیانی ڕۆژی دواتر کرێکاران دەچنە بەردەم فەرمانداری تا راستی یا درۆ بوونی ئەم هەواله بزانن. بەرپرسانی ڕژیم ئەم هەواله وەدرۆ دەخەنەوە. یەکیك لە بەرپرسان راشکاوانە دەڵێت کە ڕێکخراوی جیهانی ڕێ و ڕەسم و ریکخراوەکانی ئەوان بە ڕەسمی ناناسێ. ئەو بەرپرسە دەڵێت کە ئەوان ناچارن نوینەرانی کرێکاران دەعوەت بکەن و تەنانەت لە بەرانبەر ڕێکخراوی سەربەخۆی ئەوان کۆسپ دروست نەکەن. یەکێك لە هەڵسوراوانی کرێکاری بەرپرسان ئاگادار دەکاتەوە کە لە ئەگەری بەکردەوە دەرنەهاتنی بەڵێنەکانیان دەست بە جێ ڕێ و ڕەسمی سەر بە خۆ بەریوە دەچێت.

لە ڕێ و ڕەسمی سالۆنی کاوە کە سەعات ٣ونیوی دوانیوەرۆ دەست پێ دەکات نزیکەی ٢٠٠٠کەس کە زۆربەیان کرێکارانی رادیکاڵ و بنەماڵەکانیان بوون بەشداری دەکەن. ژمارەی ژنانی بەشدار بوو نزیکەی نیوەی بەشدار بووانە. بەرپرسانی ئیدارەکانی شاریش لە سالونەکەدا ئامادە دەبن. ٢ئالای سور و پلاکاردی گەورە (کە لە سەریان نوسرا بوو بژی ئەووەلی مانگی مەی ڕۆژی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار) سالونەکەی رازاندوبۆوە بەرپرسی خانەی کارگەر یەکەم کەسێکە کە وتارەکەی دەخوێنێتەوە بریك وادە و قسەی دووپات کراوە دەکات کە لەگەڵ وشەکانی "درووییە و تەڵەکەیە" وگاڵتە پێ کردنی جەماوەر بەرەو ڕوو دەبێت.

دوابە دوای ئەو کەسێك بە ناوی نوینەری کرێکاران قسە دەکات کە ئەویش دەکەویتە بەرگالتەی جەماوەر.

دوای ئەو فەرماندار ڕۆژی جیهانی کرێکار پیرۆزبایی دەکات و سەبارەت بە مافەکانی کریکاران قسە دەکات. دواتریش بەرپرسی ئیدارەی کار ڕۆژی جیهانی کریکار پیرۆزبایی دەکات.

ڕێ ورەسمەکە بە هەلپەرکێی کوردی و بەرنامەیەکی تەنز درێژە دەکێشێ. دواتر بەڕێوە بەری ڕێ ورەسمەکە داوا لە محموودی ساڵحی دەکات کە دەتوانیت ١٠ دەقە قسە بکات.

ئامادە بوونی مەحمودی سالحی لە پشتی میکرۆفۆن لەگەڵ چەپڵەلێ دان و خۆشحالێ جەماوەر بەرەوڕوو دەبێت. ئەو دوای پیرۆزبایی ئەووەڵی مانگی مەی، قسەو باسەکانی خۆی بە ڕەخنەگرتن لە شیوەی ڕێکخستنی ڕێ و ڕەسمەکە بە تایبەت بەشی تەنزەکە دەست پێ دەکات. مەحموودی سالحی رو بە بەشدار بووان دەڵێت. کرێکار بەو جۆرەی کە لە نێو تەنزەکەدا هات ئینسانیکی میشك شیواو نییە بەلکوو بەرهەم هینەری تەواوی نیعمەتەکانە.

ئەم وتەیەی مەحمودی سالحی لەگەڵ چەپڵە لێدانی جەماوەر بەرەوروو دەبیت. مەحموودی سالحی وێرای ئاماژە بە ئەووەلی مانگی مەی و تایبەتمەندییەکانی، قسە لە بارودۆخی نالەباری داسەپێندراوە بە سەر کرێکارانی ئێران دەکات، ئاماژە بە دەستگیر کردنی ئیسماعیلی خودکام لە بۆکان و بریندار کردنی ئەو لە لایەن هیزەکانی ڕژیم مەحکوم دەکات. مەحموودی ساڵحی دەلێت. هەمووی ئەم کردەوانە و هەروەها نەهێشتنی هەر جورە بەدواداچوونەوەیکی گیراوەکانی مانگی مەی سالی ١٣٨٤دەبیت بەسەر ڕژیم بسەپیندرێت. ئەو رو بە بەشدار بووان دەلێت: کرێکار ئەگەر پرژوبلاو بێت ناتوانێت کومەلگایەکی ئازاد. بەرابەر و بێ چەوسانەوە بونیاد بنێت.

ئەو دواتر دەچێتە سەر گرینگی ریکخراو بوونی کرێکاران و وێرای ئاماژە بە زەرەر و زیانی خانەی کارگەر و شووراکانی ئیسلامی کار، داوا لە کرێکاران دەکات کە ریکخراوی سەربەخۆی خۆیان پێك بێنن.

مەحموودی سالحی ویرای ئاماژە بە ڕاگەیاندنی "کومیتەی هاو ئاهەنگی" و بریار نامەی ئەووەلی مانگی مەی گرینگی هەبوونی ڕێکخراوی سەر بەخۆ و ئازاد دەخاتە بەر باس و وتارەکەی مەحموودی سالحی کە ٢٥دەقە دەخایەنێت چەند جار لەگەڵ چەپڵەلی دان و خوشحالی بەشدار بووان بەرەوڕوو دەبێت و لە تەواوی ئەم ماوەیەدا بەرپرسان عارەقەی خەجالەت دەریژن و بە نیگەرانییەوە گوێبیستی قسەکان دەبێ.

جەلالی حوسینی لە هەلسوراوانی ناسراوی کرێکاری ویەکیك لە دەستگیر کراوەکانی ئەووەلی مانگی مەی سالی رابردوو بانگەوازیك بلاو دەکاتەوە کە نوسراوە "بەریز بیت ئەووەلی مانگی، ڕۆژی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار" ئەو لە کاتی بلاّوکردنەوەی ئەم بانگەوازەدا دەلێت کە ئەو و هاورێەکانی بە هۆی ئەم درووشمە و پشتیوانی لە مافەکانی کریکاران دەستگیر و دادگایی کراون.

دوابەدوای تەواو بوونی ڕێ و ڕەسمەکە ژمارەیەکی زۆر لە بەشدار بووان لە دەوری مەحموودی سالحێ و هاوڕیکانی کۆدەبنەوە. بەرپرسانی شار دەست بە دامانی هەلسوراوانی کرێکاری دەبن و داوایان لی دەکەن کە بەشدار بووان بە ئارامی سالۆنەکە بە جێ بێلن. ڕێبەران و هەلسووڕاوانی کرێکاری سەقز ڕێ ورەسمی ئەم ڕۆژەیان سەرجەم بە سەر کەوتنیك بۆ کرێکاران ناو لێ بردووە.

ئەنجومەنی کرێکاری جەماڵ چراغ ویسی

## گوزارشێك لە بەرێوە چوونی ڕێ ورەسمی ڕۆژی یەکی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار لە شاری بۆکان

لە دە ڕۆژ بەر لە ئەووەلی مانگی مەی، کرێکارانی بۆکان و لە سەرووی ئەوانەوە ئەنجومەنی سێنفی خەببازەکانی بۆکان خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی سەربەخۆی کرێکاری بە بۆنە ئەوەلی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار ئامادە کردبوو.

کرێکارانی بۆکان چەندجار لەگەڵ مەقاماتی بەرپرس لەوانە ئیدارەی کار پێوەندییان گرت و داوای ئیجازە و هەروەها شوێنی بەڕێوەبردنی ڕێ ورەسمەکەیان کرد. مەقاماتی ڕژیم لە وەلام دا بە کرێکارانیان ووتبوو کە هەر داخوازییەکتان کە هەبێ تەحویلی ئیدارەی کاری بدەن، ئێمە قەبووڵ دەکەین.

سەرەنجام ڕۆژی یەکشەممە ١ی مەی ڕێ ورەسمەی ئەووەڵی مانگی مەی لە سالۆنی سینەما وەحدەتی بۆکان بە بەشداری زیاتر لە ١٥٠کەس لە کرێکاران و بنەماڵەکانیان بەڕێوە چوو. لە سەرەتای ڕێ و ڕەسمەکە ڕەئیسی ئیدارەی کار چەند قسەیەکی پێشکەش کرد کە لە لایەن بەشداربووانەوە بایەخێکی پێ نەدرا، لە پاشان مەسعودی ڕەحمانی بەر پرسی سەندیکای خەببازەکانی بۆکان بەیانییەی سەندیکای خۆیندەوە، دواتر کورتە مێژوویەکی ئەووەڵی مانگی مەی لە لایەن "هادی تەنومەند" یەکێك لە هەڵسووڕاوە کرێکارییە دەستگیر کراوەکانی ساڵی پێشووی سەقز پێشکەش کرا. لە درێژە دا وتارێك لە بارەی ڕۆژی کرێکارەوە لەلایەن یەکێك لە کرێکارانەوە خوێندراوە. دوا بەدوای ئەو چەند شێعر و ئاواز خوێندراوە. لە کۆتایی ڕێ ورەسمەکە بڕیارنامەیەکی ١٧بەندی کە پێشتر تەنزیم کرابوو و خواست و داخوازییەکانی کرێکارەکانی تێدا هاتبوو خوێندراوە کە لە لایەن بەشدار بووانەوە پشتیوانی لێ کرا.

شایانی باسە کە لەو ڕێ و ڕەسمەدا نەیانهێشت نوێنەری فەرمانداری بۆکان قسە بکات. هەروەها " ئیسماعیلی خودکام" یەکێك لە هەڵسووراوانی کرێکاری ناسراو و یەکیك لە دەستگیر کراوەکان ئەووەڵی مانگی مەی ساڵی پێشووی سەقز بە هۆی دەستگیری و ئەزێت و ئازاری هێزەکانی ئیتلاعاتی ڕژیم لە شەوێك بەر لە ڕێ ورەسمەکە نەیتوانی لەو مەراسمە دا بەشدار بێت، ناوبراو ئێستا لە حاڵی حازر لە ماڵی دا بەستەرییە.

***

# ڕاپۆرتێك لە ڕێ ورەسمی سەربەخۆی ڕۆژی جیهانی کرێکار لە سنە و بڕیارنامەی کوتایی

ڕۆژی یەکشەممە ١١ی گوڵان هاوکات لەگەڵ ئەووەڵی مانگی مەی بە پێی ڕاگەیاندنێك کە لە لایەن کومیتەی بەڕێوەبەری ڕێ و ڕەسمی ڕۆژی جیهانی کرێکار کە لە نوینەرانی کرێکاران پێك هاتووە و بە ئاگاداری کرێکارانی کارخانەکانی سنە ڕاگەیێندرابوو، ڕێ و ڕەسمی ڕیزگرتن لە یەکی مەی بەڕێوە چووە.

لە ساعەت ١٠ی بەیانی‌یەوە نزیکەی ٥٠٠کەس لە کرێکارانی کارخانەکان و کارگا جۆراوجۆرەکانی شاری سنە لە بەردەم ئیدارەی کار کۆ دەبنەوە. سەرەتایی ڕێ‌و ڕەسمەکە لەگەڵ پێشگیری هێزی ئینتزامی بەرەوڕوو دبێت. ئەسکەندەرپور بەرپرسی پاسگای ١٦ی سنە وێڕای پێشگیری لە بەریوە چوونی ڕێ و ڕەسمەکە داوا لە کریکاران دەکات کە بچن بۆ سالۆنی فەجر، شوێنێك کە ڕێ و ڕەسمی دەوڵەتی بەریوە دەچێت ولەوێ داواکارییەکانتان بە ئاگاداری بەرپرسان بگەیێنن.

بە پێشنیاری بەڕێوە بەری مەراسم کرێکاران لە ڕێپێوانێکی ئارام و بە هەڵگرتنی پلاکارد گەلێك لە شوینی ئیدارەی کارەوە بەرەو سالونی فەجر بە نیشانەی نارەزایەتی بە ڕێ و ڕەسمی دەوڵەتی وەرێ دەکەون و لەبەردەم ئەم سالونەدا کۆ دەبنەوە.

لە کاتی ڕێپێوانی کرێکاران دا هێزەکانی ئینتزامی بەردەوام چاوەدێری کرێکاران دەکەن و کاتیك کە کرێکاران دەگەنە حەوشەی سالونی فەجر، هێزەکانی ئینتزامی و ئەمنیەتی ڕژیم دەور تا دەوری کرێکاران گەمارۆ دەدەن و ژمارەیەکیشیان کامێرا بە دەست لە کرێکاران فیلم بەرداری دەکەن.

لە نێو ڕێپێوانی کرێکاران دا ٢جار بڕیارنامەی ئەم ڕێ و ڕەسمە دەخوێندرێتەوە کە لەگەڵ چەپڵە لێدان و تەئیدی کرێکاران بەرە روو دەبێت. هەر لەم شوێنەدا کرێکاریکی ژن و کریکارێکی پیاو لە ژیانی پڕ لە چەرمەسەری و چەوسانەوەی کرێکاران بە دەستی خاونکاران و بە پشتیوانی دەولەت دەدوێن و داوای مافی بەرابەر بۆ کرێکارانی ژن و پیاو دەکەن.

بڕیارنامەی ئەووەلی مانگی مەی ٢٠٠٥_سنە

بەرێز بێت ئەووەلی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار

ئەووەلی مانگی مەی (ڕۆژی جیهانی کرێکار) ڕۆژی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی جیهانی چینی ئێمە بۆ بەرانبەرکی لەگەڵ ئەم دونیا پێچەوانەیە، ڕۆژی ڕاگەیاندنی شکایەتی چینی کریکاری جیهانە لە دەسەلات دارانی نیزامی سەرمایەداری. لەم ڕۆژەدا کرێکاران لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی دونیا ریزی میلیۆنی خۆیان دژ بە نیزامی سەرمایەداری کە هۆکاری تەواوی بی بەشی، دەرد وهەژاری، برسیەتی و بێکاری، بێ ماڵی و گەندەلی لەش فرۆشی و مەینەت بارییە، رە گژ سەرمایە دا دەچنەوە، لە نیزامی سەرمایەداری‌دا قازانج هەموو شتێکە و ئاسایش و بەختەوەری و ئەمنیەتی ئینسانەکان لە ژێر دەسەلاتی ئەم قازانجەدا بەند دەکرێت. لەم ڕۆژەدا ئێمە بۆ وەدەست هێنانی مافی ئینسانی خۆمان کۆدەبینەوە و ڕادەگەیێنین کە لە نێو ئێمەدا ڕەنگی پێست، ڕەگەز و جێنسیەت بنەمای جیاوازی نیە. هەموو ئیمە ئینسانین ولە چارنوسی یەکتردا هاوبەشین. ئێمە خۆمان بە هاوچارەنووس و بە هاوسەنگەری خەباتی کرێکاران و هەموو ئینسانە ئازادیخوازەکانی سەر تاسەری جیهان دەزانین.

ئێمە لەم ڕۆژەدا ڕادەگەیێنین کە ئیتر هیچ کەس ناتوانێ خۆی بە خاوەنی جەستە و گیانی کرێکاران بزانێت و مەرگ و ژیانمان بۆ دیاری بکات. هەر لەم پێناوەدا تا گەیشتن بە ژیانێکی پڕ لە ئاسایش و شیاوی ئینسان ئێمەی کرێکار داواکاری یەکانی خۆمان بەم جۆرەی خوارەوە ڕادەگەیێنین:

١- حەقدەستی کرێکاران دەست بە جی و بێ ئەملا و ئەولا زیاد بکرێت و لانی کەمی حەقدەست دەبێ یەك و نیو بەرابەری هێڵی هەژاری بێت. تەنیا نوێنەرانی ڕاستەقینەی کرێکاران و هەڵبژێردراوی کۆبوونەوەی گشتی دەتوانن سەبارەت بە زیاد کردنی حەقدەستەکان بریار بدەن.

٢- نەدرانی لە کاتی خۆی حەقدەست و مەزایای کرێکاران تاوانە و حەقدەستی وەدوا خراوی کرێکاران دەست بە جێ دەبێ پێیان بدرێت.

٣- سەعات کاری کرێکاران دەبێ تاڕادەی ٣٠سەعات کار لە هەفتەدا بێتە خوارەوە و هەرجۆرە ئیزافەکارییەك دەبێ قەدەغە بکرێت.

٤- قەراردادی کاتی دەست درێژی بۆ سەر بنەرەتی ترین مافەکانی کرێکارانە و دژی ئینسانیە. ئەم ماددەیە لە یاسا دەبێت دەست بە جی هەڵوەشێتەوە و تەواوی کرێکارانی قەرارداده کاتییەکان بکرێنە ڕەسمی.

٥- لابردنی کارگاکانی کەمتر لە ٥ و ١٠ کرێکار لە شمولی یاسای کار بە توندی مەحکوم دەکەین و ئەم یاسایە دەبێ هەڵوەشیتەوە.

٦- کەم کردنەوەی هێزی کار و دەرکردنی کرێکاران بە هەر بیانوویەك مەحکومە و کرێکارانی لە سەر کار دەرکراو دەبێ دەست بە جێ بگەرێنەوە سەر کارەکانیان. ئێمە هەروەها پشتیوانی خۆمان لە مانگرتنی کرێکارانی کارخانەی فیلوێر لە تاران و نەساجی لە کاشان بۆ لانی کەمی حەقدەست کە یەك و نیو بەرابەری هێڵی هەژاری یە ڕادەگەیێنین.

٧- مانگرتن و نارەزایەتی مافی ئێمەیە، ئێمە بە مافی خۆمانی دەزانین لە بەرانبەر پێ شێل کردنی مافی پیشەیی و کۆمەلایەتی خۆمان دا دەست بدەینە مانگرتن.

٨- ئازادی بێ ئەملاو ئەولای بیرورا، ڕادەربڕین، چاپەمەنی و ڕێکخراو بوون مافی هەموو ئێمەیە. کرێکاران دەبێ بتوانن ڕێکخراوی ئازادی کرێکاری و سەراسەری خۆیان پێك بێنن و هەر لەم پێناوەدا پشتیوانی خۆمان لە هەڵسوورانی کومیتەی بە دواداچوونی ڕێکخراوەکانی ئازادی کرێکاری ڕادەگەیێنین.

٩- دابین کردنی پیشە و بیمەی بێکاری دەبێ بۆ هەموو کەسێکی سەرەوەی ١٦ساڵ تەمەن بە ژن و پیاو بە مافی بەرابەروە وەدی بێت.

١٠- بەرێوە بردنی کۆبوونەوەی گشتی کرێکاری لە سەعات و شوێنی کاردا دەبێ بەرەسمییەت بناسرێ.

١١- هەر جۆرە هەرەشە، گۆشار، تەبعید، دەستگیر کردن و لە سەر کار دەرکردنی کرێکاران بە هەر بیانوویك مەحکومە. دادگایی کردنی هەڵسوراوانی کرێکاری سەقز دەبێ دەست بەجێ ڕابووەستێت.

١٢- کاری منداڵان قەدەغەیە و تاوان بە حیساب دێت. بەهرەمەند بوونی منداڵان لە شوێنی ئەمەن و پڕ لە شادی و خۆشی هاوڕی لەگەڵ ئیمکاناتی بارهێنان، بیهداشتی و ئاسایشی مافی هەموو منداڵێکە.

١٣- ئێمە لە خەباتی موعەلیمان و پەرەستاران پشتیوانی دەکەین و خوازیارین داواکاری یەکانی ئەم توێژانە دەست بە جێ قەبوول بکرێت.

١٤- نەبوونی ماڵ و سەرپەنا یەکێك لە گەورەترین گرفتەکانی کرێکارانە و بەرپرسان دەبێ پیێ ڕابگەن.

١٥- ڕۆژی ئەووەڵی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار دەبێ بەگشتی و بە شێوەی ڕەسمی تەعتیل ڕابگەیێندرێت. کرێکاران دەبێ بتوانن بەبێ بەڵگە و بێ دەست تێوەردانی پۆلیس کۆبنەوە و ڕێ و ڕەسم و جێژنی کرێکاری خۆیان بەڕێوە ببەن.

پرۆلتاریای جیهان یەکگرن!

بژی ئەووەلی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار

کومیتەی بەرێوە بەری ڕێ و ڕەسمی ئەوەلی مانگی مەی سنە١٣٨٤

دروشمەکانی ڕێ ورەسمی ڕۆژی جیهانی کرێکار بەم جۆرە بوون:

کرێکارانی جیهان یەکگرن، داداگایی کرێکارانی سەقز دەبێ هەرچی زووتر ڕابووەستێت، قەراردادی کاتی دەبێ هەڵوەشێتەوە، ئەووەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار پیرۆزبێت..

# ڕاپۆرتێك سەبارەت بە بەڕێوە چوونی ڕێ و ڕەسمی ئەووەڵی مانگی مەی لە سیدنی ئوستڕالیا

هاوڕێیانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ئوستڕالییا ڕێزیان لە ڕۆژی کرێکار گرت و بەم بۆنەوە ڕێ ورەسمێکی پڕ شکۆیان بەڕێوە برد. شەوی شەممە ٣٠ی ئاوریل ڕێ و ڕەسمێك بە بەشداری ئەندامان، لایەنگران و میوانانی تر لە شاری سیدنی بەڕێوە چوو.

سەرەتا بەڕێوەبەرانی ئەم ڕێ ورەسمە، هاوڕێیان ناسحی سەعیدی و ساڵەحی کەریمی وێڕای بەخێرهاتن و پیرۆزباییی ئەم ڕۆژە بە بەشدار بووان، بەشەکانی بەرنامەکانیان بۆ بەشدار بووان بە زمانەکانی فارسی و کوردی خویندەوە.

سرودی ئەنترناسیونال، سرودی نیونەتەوەیی چینی کرێکار لە لایەن هاوڕێ جەلالی موحەمەدی و ڕاگرتنی یەك دەقیقە بێدەنگی بۆ ریزگرتن لە یادی تەواوی گیانبەخت کردووانی ڕێبازی ئازادی و سوسیالیزم و شکاندنی بێ دەنگی یەکە بە سرودی "یاد باد" بەرنامەکان دەستی پێ کرد. پاشان هاوڕێ سەعیدی قوربانی لە هاوڕێیانی دێرین و یەکێك لە پێشمەرگە دێرینەکانی کۆمەڵە لە لایەن تەشکیلاتەوە وتەیەکی پێشکەش بە بەشدار بووان کرد.

هاوڕێ سەعید لە بەشێك لە قسەکانی دا وێڕای پیرۆزبایی بە بۆنەی ئەووەڵی مانگی مەی، ئامارژەی بە مێژووی پێك هاتنی ئەم ڕۆژە و خەباتی کرێکارانی شیکاگو، ڕۆڵی چینی کرێکار لە ئابووری کۆمەلگا و هێزی لە بن نەهاتووی کرێکاران و توانایی ئەم چینە بۆ رووخاندن و ژێر و ژور کردنی نیزامی سەرمایەداری کرد. هاوری سەعید هەروەها ئاماژەی بە خەباتی کرێکاران لە ئێران کرد و ئەو ڕاستیییەی خستە ڕوو کە چینی کرێکار لە ئێران لە خەبات و ململانێ لەگەڵ نیزامی سەرمایەداری کۆماری ئیسلامی بۆ پێك هێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆ، مافە سەرەتایی یەکان و دانی حەقدەستی وەدواکەوتووی خۆیان، لە چ بارودۆخێکی دژواردا بە سەر دەبەن.

هاوڕێ سەعید لە بەشێکی تری قسەکانی دا وێڕای ئاماژە بە بەڕێوە چوونی ڕێ و ڕەسمەکانی سەربەخۆی کرێکاری کە بە بۆنەی ئەووەڵی مانگی مەی لە زۆربەی شارەکانی ئێران دا بەڕێوە چوو و دەرکردنی بڕیارنامەی ئاشکرای کرێکاران لە دژی دەولەت و نیزامی سەرمایەداری، شەری ئامریکا لە ناوچەکە و سەرەنجام داواکارییە ڕەواکانی کرێکاران و جیا کردنەوەی ڕوانگەی ڕێفورمیستی و لیبرالی لە باقی بۆچوونە سوسیالیستی یەکانی وەك خاڵە سەرکییەکانی خەباتی کرێکاران دەست نیشان کرد.

خوێندنەوەی پەیامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە زمانی کوردی و هەروەها دیکلەمەی شێعرێك، بەشەکانی تری ئەم بەرنامەیە بوو کە هاوڕێ عەلی ئەحمەدی لە دوستانی دێرینی کۆمەڵە ئەم شێعرەی خوێندەوە. هاوڕێ مایکێل بە نوێنەرایەتی لە لایەن حیزبی کۆمۆنیستی ئۆستڕالییاوە وتەیەکی پێشکەش کرد کە لە لایەن بەشدار بووانەوە بە گەرمی پێشوازی لێ کرا.

لە درێژەی بەرنامەکان دا، بە خوێندنەوەی پەیامی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە لایەن هاوری ناسحی سەعیدی، خوێندنەوەی پەیامی ئەنجومەنی کرێکاری جەمالی چراغ وەیسی لە لایەن هاوڕێ کەماڵ مەلێك موحەممەدی، خوێندنەوەی پەیامی ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان لە لایەن هاوڕێ میترا و هەروەها ڕاگەیاندنی وەرگرتنی پەیامی ئیتتحادی سۆسیالیستی کارگەری و پەیامی یەکیەتی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان بەشی یەکەمی ڕێ‌ورەسمەکە کۆتایی پێ هات. هەروەها ناوەناوە لە نێوان بەرنامەکان دا چەند سرودی شورش گیرانە لە لایەن هاوڕێ جەلالەوە خوێندراوە.

بەشی دووهەمی بەرنامەکان بەرنامەی هونەری بوو کە تا درەنگانێکی شەو لە نێوان شادی و خۆشحاڵی بەشدار بووان دا درێژەی کێشا.

ڕۆژی یەکشەممە بە پێی ڕەواڵی هەموو ساڵێك لە مارشی گەورەی کرێکاری دا کە لە زۆربەی شارەکانی ئوستڕالیا بەڕێوە دەچێت، ئەمساڵیش شاری سیدنی شاهێدی مارشی چەندین هەزار کەسی کرێکاران بوو کە بە دوور لە هەر جۆرە هەڵاواردنێکی نەتەوەیی، جێنسی، ڕەگەزی و زمانی، شان بە شانی یەکتر لە چەند شەقامێکی ناوەندی ئەم شارە تێپەر بوون و بە دانی هەندێك درووشم وێڕای داوا کردنی مافی ئازادی مانگرتن، بە دروشمی کرێکارانی جیهان یەکگرن، بە گژ نیزامی سەرمایەداری دا چونون.

تەشکیلاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش بە بەشداری هاوڕێ یانی لایەنگر و ئەندامانی خۆی لە ریزێکی سەر بەخۆدا بە هەڵگرتنی پلاکارد و بڵاو کردنەوەی پەیامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە زمانی ئینگلیسی، چالاکانە لەم خۆپیشاندانەدا بەشدارییان کرد.

# ڕاپۆرتێك لە بەڕێوە چوونی ڕێ و ڕەسمی ئەووەڵی مانگی مەی لە شاری ئاپسالای سوئێد

ئەمساڵیش هەر وەك ساڵانی ڕابردوو هەڵسووراوانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە شاری ئاپسالا بە بەشداری لە ڕێ و ڕەسمی ئەووەڵی مانگی مەی، لە مارشی (ڕیزی حیزبی چەپ) هاوپشتی خۆیان لەگەڵ چینی کرێکار نیشان دا. یەکەمین وتەبێژی کۆبوونەوەی ئەم ڕێ ورەسمە کە لە مەیدانی گەورەی "واکسالا" بەڕێوە چوو، یەکێك لە ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو.

" لە خەباتی چینی کرێکاری ئێران پشتیوانی بکەن" ناونیشانی وتەی ئەم هاوڕێیەمان بوو کە لە بەشیکی تر لە قسەکانی دا وتویەتی:

هاوڕێ یان و بەشدار بووانی ڕێ ورەسمی ئەووەڵی مانگی مەی، بەڕێوە بردنی ڕێ و ڕەسمی ئەووەڵی مانگی مەی لە ئێران قەدەغەیە. سەرەرای ئەم قەدەغە بوونە، چینی کرێکاری ئێران هەموو ساڵێك ڕێ ورەسمی ڕێزگرتن لەو ڕۆژە بەڕێوە دەبات و لەم پێوەندییەدا ئامارژەی بە بەڕێوە چوونی ڕێ و ڕەسمی ئەووەلی مانگی مەی ساڵی ڕابردوو لە شاری سەقز و دادگایی کردنی هەڵسووراوانی کرێکاری ئەم شارە بە تۆمەتی بەڕێوە بردنی ڕێ ورەسمی ئەوەڵی مانگی مەی کردوە.

پاشان باسی لە بارودۆخی کار و ژیانی چینی کرێکاری ئێران کرد و لە کۆتاییش دا وێڕای ئاماژە بە خەباتی کرێکارانی ئێران بە تایبەت خەبات بۆ مافی مانگرتن و ئازادی پێك هێنانی ڕێکخراو داوای لە حیزب و ڕێکخراوە چەپ و ئیتحادیە کرێکاری‌یەکان کرد کە لە خەباتی کرێکارانی ئێران لە دژی ڕژیمی دژی کرێکاری کۆماری ئیسلامی ئێران پشتیوانی بکەن.

دوابەدوای خوێندنەوەی چەند پەیامی تر بەشدار بووانی ئەم ڕێ و ڕەسمە لە ریزێکی ڕێك و پێك دا بەرەو شوێنی کۆبوونەوەی دووهەم کەوتنە ڕێ. لەم ڕێپێوانە دا خۆپیشاندەران چەند درووشمێکی وەکوو: کار بۆ هەمووان، ئێمە خوازایاری ٦ساعەت کار لە ڕۆژداین، ئامریکا دەبێ لە عێراق بڕواتە دەرێ، بوش جەنایەتکارە و دروشم گەلێك بۆ پشتیوانی لە مافەکانی پەنابەران و لە دژایەتی لەگەڵ دەرکردنی پەنابەران و هەروەها دروشم گەلێك بۆ پشتیوانی لە خەڵکی فەلەستینیان بەرز کردەوە.

بەشدار بووان بە تێپەر بوون لە شەقامەکانی ناوەندی شاری ئاپسالا لە بەردەم کۆشکی ئۆستانداری کۆبوونەوە و گوێبیستی ووتار و سروودی شۆڕشگێرانە بوون.

***

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

# PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: 204 may: 2005

## وەدرۆ خستنەوەی هەواڵێك

سایتی پەیام نێر لە رێکەوتی ٢٨ئاوریل لە زمانی رۆژنامەی vakit ی تورکی کە ئیسلامییەکانی تورکییا دەری دەکەن بلاَوی کردۆتەوە کە "ئەمریکا بە نیازە ئەو پلانەی لە عێراق جیٚبەجێی کرد لە ئێرانیش دووبارەی بکاتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش ١٠هەزار کوردی نەیاری رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی لە (باکوری عێراق) کۆ کردوٚتەوە و مەشقیان پیٚدەکات".

ئێمە وێرای ودرۆخستنەوەی ئەم هەواڵە، جارێکی تریش رادەگەیێنین کە کۆمەڵە بە هیچ جۆرێك پلانە ئیحتمالی یەکانی ئەمریکا بۆ ئێرانی لە جیهەت بەرژەوەندی خەڵکی ئێران و کوردستان نابینیٚ. کۆمەڵە ئەولەوییەتەکانی خەباتی خوٚی سەربەخۆ لە سیاسەتەکان و بەرژەوندییەکانی ئەمریکا دیاری دەکات.

کۆمەلە لەگەلٚ ئەوەش کە باسکی چەکداری هەیە و خەباتی چەکداری بە یەکێك لە شێوەکانی خەباتی خوٚی دەزانی، بەلاٚم لە بەر هۆکاری جۆراوجۆر کە بۆ هەموان قابیلی دەرکە خاکی کوردستانی عێراق بۆ هێرش بردنە سەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە کار ناهێنی.

دەبیرخانە کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە ٩ی گولاٚن ١٣٨٤ _ ٢٩ئاوریلی ٢٠٠٥

## با هێزەکانمان لە بەرەی خەبات بۆ پێکهێنانی رێکخراوە چینایەتی و جەماوەرییەکانی کرێکاران لە دەوری یەك کۆکەینەوە.

بە بۆنەی ئەووەلی مانگی مەی رۆژی جیهانی کرێکار

ئەمڕۆ لە کاتێك دا لە ئەووەڵی مانگی مەی رۆژی هاوپشتی چینایەتی و نێونەتەوەیی کرێکاران نزیك دەبینەوە کە هێرشی هەمەلایەنە و سەرە ڕۆیانەی چینی سەرمایەداری ئێران و رژیمی پشتیوانی ئەو چینە بۆ سەر هەل و مەرجی کار و بۆ سەر ژیان وبژیوی کرێکاران هەروا درێژەی هەیە.

بێکار کردنی بەردەوام لە ئاکامی پەرە پێدانی کەرتی تایبەت، هیچ چەشنە ئەمنییەتێکی پیشەیی بۆ کرێکاران نەهێشتۆتەوە. ئەگەر رەوتی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستە رەسمییەکان و پەرەسەندنی گرێبەستی کاتی هەروا درێژەی هەبیٚ، لە ١٠ساڵی داهاتوودا لە سەدا ٩٠ی هێزی کاری چالاکی ئێران دەبێتە کرێکاری کاتی.

کەم کردنەوەی حەقدەست و دابەزینی ئاستی بەڕێچونی کرێکاران، ژیانی بە میلیۆن بنەماڵەی کرێکاری بردۆتە ژێر هێڵی هەژارییەوە. ئەو هێڵە هەژارییەی کە تەنانەت ریگە نادات وزەی لە دەست چوی لەشی کرێکارێك لە کاری رۆژانەی دا، قەرەبو بێتەوە. دەرهاویشتنی کارگاکانی فەڕش چنین و کارگاکانی بە کەمتر لە ١٠کرێکار لە شمولی یاسای کار، بیٚ ماڤ کرێکارانی زیاتر پەرە پێداوە، ئەمنییەتی پیشەیی لیٚ هەلگرتوون و وای کردووە کە بە میلیونەها کرێکاری ئەو کارگایانە وەکو کوێلە هەڵس و کەوتیان لەگەلٚ دەکریٚ. ئەو ئالٚ وگۆڕانەش کە لەم چەند ساڵەی دوایی دا لە یاسای کار دا پێکهاتوە، زیاتر لە پێشوو دەستی خاوەنکاران و سەرمایەدارانی بۆ لە سەر کار دەرکردنی کرێکاران ئاوالاٚ هێشتۆتەوە. ئەگەر بە سەرجەمی ئەم بیٚ مافیانە، نەبوونی لانی کەمی خزمەتگوزایە کۆمەلاٚیەتییەکان، پشوبڕی سیاسی و هێرشی جارناجاری هێزەکانی ئینتزامی بۆ سەر شوێنی کار و کوشتنی کرێکارانی ناڕازیشی پیٚ زیاد کەین، ئاشکراتر دەبیٚ کە کرێکار وەکو یەك ئینسان لە چ بارودۆخێکی دژواردا دەژیت و چ گیروگرفت گەلێکی کۆمەلاٚیەتی وچ ئەرك و بەرپرسایەتیکی قورس دەکەویتە سەرشانیان.

هەل و مەرجی ژیانی چینی کرێکار لە ئێران سیمای راستەقینەی ئەم کۆمەڵگایەمان بۆ وێنا دەکات و سەرچاوەی هەموو ئەو رۆژرەشییەش قازانج پەرەستی سەرمایەداران و ئاسەواری سیاسەتەکانی ئابووری نیئۆلیبڕاڵییە. هیچ کام لە باڵەکانی سەرمایەداری ئێران چ ئەوانەی کە دەسەلاٚتیان بە دەستەوەیە و چ ئەوانەش کە لە دەرەوەی دەسەلاٚتن، بێجگە لە قوڵتر کردنەوەی ئەو کارەساتە هیچ بەرنامەیەکی تریان بۆ دەرباز کردنی کرێکاران لەم چارە ڕەشیانە نییە.

هێرشی سەرمایەداران بۆ سەر ماڤ کرێکاران وەها بەربلاٚو و هەمەولایەنەیە کە چینی کرێکاری ناچار کردوە هاوکات بچیتە شەڕی هەموو لایەنەکان. بەرامبەرکیٚ لەگەلٚ کەم بوونی حەقدەست، خەبات بۆ کۆتایی هێنان بە گرێبەستی کاتی، خەبات لە دژی بێکار کردن، هەولٚ دان بۆ ئیسلاحی یاسای کار و هی‌تر. بیٚ گومان خەبات لە هەموو ئەم بوارانەدا بۆ پێشگیری لە لەناو چوونی جەستەیی و روحی کرێکاران پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە. بەلاٚم کرێکاران پێویستە هێزی سەرەکی خۆیان لەو بەرەیە دا کۆ بکەنەوە کە پێشرەوی لەو دا، پێشڕەوی لە تەواوی بەرەکانی تری خەباتیش دا دەستەبەر بکات. دەبیٚ هێزی سەرەکیمان لە بەرەی خەبات بۆ پێکهێنانی رێکخراوە چینایەتی و جەماوەرییەکانی کرێکاران دا کۆ بکەینەوە.

لەم هەل و مەرجەی ئێستا دا و بە سەرنج دان بە پێویستی کۆماری ئیسلامی بۆ چوونە ناو "رێکخراوی بازرگانی جیهانی" و هەر لەم پەیوەندییەش دا مل کەچ کردنی بۆ هێندیك لە پێوانەکانی "ریکخراوی جیهانی کار" و هەوڵی ئەم ریکخراوەیە بۆ بە کردەوە دەرهێنانی بەلێین نامەکانی جێی مەبەستی خوٚی، هەروەها بیٚ بایەخ بوونی زیاتری شووڕکانی ئیسلامی و خانەی کارگەر، هەمووی ئەوانە ئەمڕۆکە باسی پێکهێنانی رێکخراوە کرێکاریەکانی کردۆتە مەسەلەیەکی کراوەی سیاسی.

لە لایەکی ترەوە پەرەسەندنی خەباتی پیشەیی کرێکاران لە چەند ساڵی رابردودا و بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە هەڵسوڕاوان و پێشڕەوانی رادیکاڵی کرێکاری کە لە ناو بزووتنەوەی کرێکاری دا سیمای ناسراون و جێگەی متمانەی کریکارانن، بواری بۆ بونیاد نانی ریکخراوە جەماوەریەکانی کرێکاران رەخساندوە.

هەڵسوڕاوان و پێشڕەوانی رادیکاڵی کرێکاری، بەتایبەت هەڵسوڕاوانی سۆسیالیستی ناو ئەم بزووتنەوەیە، پێویستە بە هاوئاهەنگی لە نێو ریزەکانی خۆیاندا هەرچی زووتر وەلاٚمی ئەم پێویستییە هەنوکەییە بدەنەوە و دەست بەکاری دامەزراندنی رێکخراوە کرێکارییەکان بن. پێکهێنانی رێکخراوی چینایەتی ئەرکی خودی کرێکارانە، نابیٚ چاوەروانی وەزارەتی کار یان هیچ ناوەندێکی تری رژیم بین. ئەوان بێجگە لە فریوکاری و لە دابین کردنی بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداران و لە درێژەدان بە تەمەنی رژیمەکەیان نەبیٚ، هیچ ئامانجێکی تریان نییە. بە بەشداری دانی هەرچی زیاتری جەماوەری کرێکاران لە پرۆسەی پێکهێنان و پاراستنی ئەم رێکخراوانە دا دەتوانریٚ بە کردەوە هەبوونی رێکخراوە کرێکاریەکان بە سەر رژیمی کۆماری ئیسلامی دا، بسەپێندرێن.

بائەووەڵی مانگی مەی ئەمسالٚ بە پێکهێنانی هاو ئاهەنگی هەرچی زیاتر لە نێوان هەڵسوڕاوان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری و بە هەوڵی پڕ بە پڕ بۆ پێکهێنانی رێکخراوە جەماوەرییەکانی کرێکاران، رێز لیٚ بگرین.

کارەساتی سۆنامی لە چاو ئە بەڕبەڕییەت و وەحشیگەرییەی کە نیزامی سەرمایەداری سات بە سات بەرهەمی دێنێتەوە و چەند میلیارد ئینسانی لە سەرانسەری جیهان گیرۆدە کردووە، هیچ نییە. تەنیا چینێکی کرێکاری رێکخراو بە ئاسۆی سۆسیالیستی و ئەنترناسیۆناڵیستی یە کە دەتوانیٚ مرۆڤایەتی لە دوای ئەو بەلاٚ و کارەساتە بیٚ ئەژمارانەی کە ئەم نێزامە هۆکاری دروست بوون و هەروا مانەوەیەتی، رزگار بکات. مارشی جیهانی کرێکاران لە رۆژی ئەووەلٚ مانگی مەی دا موژدەدەری ئەو ئاسۆ هیوا بەخشەیە.

بژی ئەووەلٚ مانگی مەی

بژی ئازادی، بەرابەری، حکومەتی کرێکاری

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

گولاٚنی ١٣٨٤ی هەتاوی

رێکەوتی

ئاوریلی ٢٠٠٥ی زایینی

## بەشداری ٥٠٠هەزار کەس لە ریٚ ورەسمەکانی رۆژی جیهانی کرێکار لە ئاڵمان

بە پێی راپۆرتی رۆژی دووشەممەی رۆژنامەکانی ئاڵمان، لە ریٚ و رەسمەکانی رۆژی جیهانی کرێکار لەم ولاٚتەدا زیاتر لە ٥٠٠هەزار کەس بەشدارییان بووە.

خۆپیشاندانەکانی کرێکارانی ئاڵمان کەبە دروشمی، "کرێکار! بە خاوەنکار نێشان بدە کە زیاتر لەمە بایەخت هەیە، تو بە هیزی" بەرێوە چووە، لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئاڵمان دا زیاتر لە ٥٠٠هەزار کەس لەم ریٚ ورەسمانەدا بەشدارییان کردووە.

لە ئاکامی خۆپیشاندانی کرێکاری لە شارەکانی بێرلین و لایپزیگ کە لەوێدا دروشمی دژی سەرمایەداری دراوە، پۆلیس پەلاماری بردۆتە سەر کرێکاران، لە ئەنجامی ئەم پەلامارانەدا ژمارەیەك لە کرێکاران و هێزەکانی پۆلیس بریندار بوون و ٦٩کەسیش دەستگیر کراون.



### دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران:

جومعە بەیانیان ٨ تا ٩ شەوانە: ٢١ تا٢٢

شە پولی کورت ٧٥، ٦٥ و ٤٩ میتر

### دەنگی شۆرشی ئیران (رادیۆ کۆمەڵە):

نیوەرۆ: ١٣ تا ١٤ ئیواران: ١٩ تا ٢٠ شەوانە: ٢٢ تا ٢٢/٣٠

شەپولی کورت رەدیفەکانی: ٧٥ میتر بەرابەر بە ٣٨٨٠ کیلۆهێرتز ٦٥ میتر بەرابەر بە ٤٣٨٠ کیلۆهێرتز ٤٩ میتر بەرابەر بە ٦٤٢٠ کیلۆهێرتز

### نوینەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی ولات

k.k.
p.o.Box 75026
Box: 750 26 uppsala - Sweden
Tel/Fax: 46- 18- 46 84 93
e-mail: komala@cpiran.org

### نوینەرایەتی کۆمەڵە لە کوردستانی عیراق

Add: Sulimania- Rezgary

Tel: 3124760 - 3125815:

E-mail: Komalah@hotmail.com

### دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

C.D.C.R.I
BOX 70445
107 25 Stockholm- Sweden
Tel/Fax: 46- 08- 86 80 54
e-mail: cpi@cpiran.org

### ئینترنت:

سایتی کۆمەڵە www.komalah.org

سایتی رادیو کۆمەڵە www.Radiokomaleh.Com

سایتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران www.cpiran.org

### کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

Add: Sulimania- Zerguez

Tel:
0044707- 7520- 781
0044707- 7567- 855

Fax: 00447043129273

E-mali: Komalah@komalah.org

### پێشڕەو

ئورگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلە

سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران

### ئێدیتۆر:

ئیبراهیم عەلیزادە